ص:1-28

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية

المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# دیناميكای شيعريی بێسارانی و كارتێكردنی ليريكی له‌ شيعری كورديدا

سعيد محمد عبدالله

بەشی ARD، كۆلێجی زانستە ئەندازيارييە كشتوكاڵييەكان، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق

بەشی شيكارييە تاقيگەييە پزيشكييەكان، زانكۆی جيهان- سلێمانی، سلێمانی، عێراق

Email: saeed.abdulla@univsul.edu.iq

**پوختە:**

توێژینەوەكەمان بەناونیشانی (دیناميكای شيعريی بێسارانی و كارتێكردنی ليريكيی لە شيعری كورديدا) شيعری هەر سەردەمێك زادەی هەل و مەرج و كەس و هەوای باری كۆمەڵایەتی و هزری و سیاسی ئەو سەردەمەیە كە شاعیر تیایدا نەشونمای كردووە، شيعری كلاسيكی كوردی بەشێكە لەپێكهاتەی نەتەوەی كورد و قەڵای وشیاری ئەو میللەتەیە لەڕەوتی مێژوودا .

دیناميكیەت لەشيعری هەورامیدا، فرە مانایی و هونەری ئەدەبی ليريكای ئەم شاعیرە لە دووتوێی دەقە زمانیەكەیدا ئاشكرا دەكرێت بەوەی زمانی ئاشنا دەبێت و دەچێتە نێو دەریایی سیحراوی نیشانە زمانیەكان و ڕۆدەچێتە ناو تۆڕی پێوەندییە ناخیەكانی زەینی و زمانیەوە، بەم شێوەیە بەهۆی وردەكارییەكەوە، توانیویەتی تابلۆیەكی تەواو لە زەینی خوێنەرو گوێگردا وێنا بكات.

شيعری هەورامی جەوهەری ڕەسەنی مۆسیقای زمانە چونكە چەمكی(ئیرۆس) و هەستی ئەوین و سرووشتی كوردستان بەسانای دەكرێنە گۆرانی و پانتایی ليريكای كوردی پێی دەوڵەمەندە، شيعری هەورامی لەپێكهاتەی ئاواز و دەنگدا، گرنگە توانستە بزۆز و پەنهانەكانی لەهێڵی دەنگ و مۆرفیم وشە لێكدراو ورستەدا وێنا بكرێت، ئەمەش خوڵقێنەری وێنەیەكی نوێی یە لەخود و لە جیهانی دەوروبەر، لەبارگەی دەلالی و كاركردنی دیناميزمی ئەم پرۆسەیە دەبێت، وەك ڕێرەوێك گوزەر دەكات بۆ هەناوی بازنەیەكی نامۆ، كە دەقەكەیە جگە لەوەش سیمای هەرە تایبەتمەندی ئەدەبی هەورامی بەگشتی ساكاری و ڕەوانییەكی دەگمەن و پر بەهای شيعرییە، شێوازێك لەگەڵ بەرزی ناوەڕۆكیدا لێوان لێوی بیری سۆفیيانەیە، ئەم ساكارییەی زمان، كەجارو بار دەگاتە ئاستی زمانی ئاخاوتن .

**كليلە وشە:** ژانری ليركی، ئەندێشە، مانای مەعریفی، خودی مرۆڤ، قوتابخانەی گۆران.

**الملخص:**

البحث الموسوم "حركية القصائد بيساراني وتأثيرها في وجدانية الشعرالكردي " يتطرق الى ان لكل قصيدة شروطها وزمنها السياسي والاجتماعي الذي يعيش فيه الشاعر وفيه ينسج ابداعه الادبي، ويعد الشعر الكلاسيكي الكوردي جزء من التكوين الوراثي للشعب الكوردي وكذلك يعد قلعة الوعي في مسيرتها التاريخية.

الحركية في الشعر الهورامي عبارة عن التعددية في المعنى واظهار فنية الادب الوجداني للشاعر، فضلا عن ان اللغة الشعرية فيها تباين وولوج الى الخيال السحري للعلامات اللغوية للقصيدة. استطاع الشاعر بيساراني ترسيم لوحد فسيفساء لغوية في ذهن القارئ. يعتبر الشعر الهورامي جوهر الاصالة الايقاعية للغة لان مصطلح الـ (ابروسية) والحب والوجدان كفيلان ان تجعل منها اغنية يتغنى بها الشعر الوجداني الكوردي، اضافة الى ذلك تتكون القصيدة الهورامانية من الصوت والايقاع وتتحرك الاصوات والايقاع والمورفيات فيما بينها لتولد قصيدة جديدة مشحونة بالدلالات الشعرية لتلوج الى داخل النفوس التي تحس بالغربة.

وتمتاز القصيدة الهورانمانية بالفطرية وبلاغة نادرة ذوقيمة نادرة ومملوءة بالقيم الشعرية، وفي اطار اسلوب راق بمضامين صوفية وبلاغة بسيطة ترقى الى مستوى لغة التخاطب الشعري.

**الكلمات المفتاحية:** الشعر، البيساراني، اللهجة الكورانية، اللوازم المعريفية، الجنس البشرى، خلجات و تصورات



DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**Abstract:**

The current research is entitled "The Dynamism of poems in Pisarani and their impact on the sentiments of Kurdish poetry". Generally speaking, a poem emerges out of the political, sociological, and the intellectual context of the poet. As we touched upon it that each poem has its own conditions and its own political and social influences in which the poet lives and in which he weaves his literary creativity. Classical Kurdish poetry is a part of the Kurdish culture; it has always been a genuine tool to raise individuals' awareness. the poet's language delves into the magical realms of the linguistic signs of the poem, so the poet Pisarani was able to draw unilaterally a linguistic mosaic in the mind of the reader.

Hawrami poetry is considered the essence of the rhythmic authenticity of the language because the term (Abruism), means love and conscience which are enough to make it a song and sing the Kurdish sentimental poetry, in addition to that the Hawraman poem consists of sound and rhythm and the sounds, rhythm and morphology move between them to generate a new poem charged with poetic connotations to reach inside souls that feel alienated.

The Horanmanic poem is distinguished by its innate and rare rhetoric of rare taste and full of poetic values. In addition, it is full with the framework of a sophisticated style with mystical and simple rhetorical contents that rise to the level of poetic discourse.

**Keyword:** Pioneer, Lyric Poetry, Kurdish Gorani Dialect, Emotions and Perceptions, Meaning and Values.

**پێشەکی:**

ئەدەبیاتی لیریك، کە ناوەڕۆکی گۆرانی و عیرفانی دەگرێتەوە، بەشێکی بەرچاوی سەرجەم ئەدەبی گۆرانی پێك دەهێنێت، کەمۆرکی تایبەتیان بەخشیوە بەئەدەبی گۆرانی، لەبەشی گۆرانییدا زمان کێشدارو ریتمێکەو شێواز ئەدەبییەو لەشیعریی شاعیرە گەورەکانی ئەدەبی گۆراندا دەرکەوتووە، بۆیە ئەدەبی گۆرانی چ بەکێش و قافیەو گەلێ سیمای هونەری تر و زمانی ڕەوان و ساکار لەفۆلکلۆر و ئەدەبی میللی و خەڵکەوە نزیك بووە، جگە لەمەش ئەو ئەدەبە دەوڵەمەندەی کە بەدیالێکتی گۆرانی هەیە، بەشێکی گرنگی کەلەپوری ئەدەبی و ئایینی و گیانی میللەتی کوردە، ئەم دیالێکتە ڕوخسارێکی کوردانەو و گیانێکی کوردانەیان بە زمانی شیرینی کوردی بەبەر ئەو قاڵبە هونەرییانەدا کردووە و بەمەش سیمایەکی نوێ و جیاواز لەئەدەبی میللەتانی تریان بۆ ئەدەبی کوردی خوڵقاندووە شیعریی نەتەوەی خۆیان پێ دەوڵەمەند کردووە. هەربۆیە ئەدەبی گۆرانی شێوازی زاڵی ئەدەبی سەردەمی میر نشینی ئەردەڵان و ناوچەکانی ژێردەسەڵاتییان بووە، ئەگەر ئێمە باوەڕمان وابێت، کە ئەردەڵان میرنشینێکی کوردی بووە، جگە لەوەش کاریگەریی کرمانجی لەسەر گۆرانی شتێکی سروشتی و ئاساییە، بێگومان دیالێکتی گۆران چەندین سەدە، لەناوچەکانی کوردستاندا زمانی فەرمی ئەدەبی بووە، بۆیە جێگەیی سەرسوڕمان نییە، وشە و زاراوەی گۆران ئاوێتەی دیالێکتە کوردیەکانی تر، بەتایبەتیش کوردی خوارووبوو.

زۆربەی ناوچەی گۆرانەکان دراوسێ و نزیکی ئێرانن، هەرئەمەش نەبێت، فارسی زمانێکی دەوڵەمەندی دەسەڵاتی ئیمپراتۆری و کلتوری و زانست بووە و لەگەڵ زمان ئەدەبی کوردی نەبوایە، ئاماژە بوو بۆ کەنار گیری کلتوری کوردی. جگە لەوەش هەندێك لەسەرچاوە ئایینیە کۆنانەی کە بە دیالێکتی گۆران نووسراون، وەکو(ماریفەت، پیر شالیاری زەردەشتی )[1]

[1] مێژوونووس بەرەگەز کورد رشید یاسەمی پێیوایە، ئەم کتێبە لەسەدەی دەیەمدا دانراوە، بەڵام هەندێك بیرو بۆچوونی تر هەن دژی ئەم ڕایەی یاسەمین، بۆ نموونە دانای هەورامی دەڵێت، تیرداد فەرمان ڕەوایی کوردستان ساڵی 338ز ئایینی عیسایی پەسەند کردووە وبڵاوی کردۆتەوە، بەڵام ناوچە شاخاوییەکان، بەتایبەتی لەسەرئاینی ئەم ناوچەیە(واتە هەورامان) بەگوێییان نەکردووە، هەر لەئاینی زەردەشت و ماریفەی پیرشالیاری یەکەم ڕۆیشتوون .

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ص:1-28

**المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية**

المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ئەم کتێبە زۆر کۆنەودەربارەی ئاینی زەردەشتەو خاوەنی پیرشالیارە و،خۆشی یەکێك بووە لەموغانەکانی زەردەشت .

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، دەبینین دەگەڕێتەوە سەر ئاڤێستا، کە زمانی کتێبە پیرۆزەکەی زەردەشت و میدیەکان بووە (700-550پ..) چونکە ئەدەبیاتی ئایینی زەردەشت لەسەردەمی میدییەکاندا لە زارەوە کەوتۆتەسەر کاغەز و پاشان دەست بە نووسین کرا، ئەم کتێبە لە پێنج بەش پێکهاتووە(گاتا) بەشێکی زۆری خەڵك پێی ئاشنان، لەلایەن زەردەشتەوە بەشیعر نووسراوە، لە کێشی خۆماڵی کوردیە وەك دەقێکی نەژادی کوردی گەیشتوتە دەست توێژەران، جگەلەوەش ئەدەبی یارسان لەسایەی ئەو بارودۆخە سیاسییەی کەلە کۆتایی سەدەی دووەم و سەرەتای سێیەمی کۆچیدا لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەرپابوو، ئەدەبێکی ئایینی بەناوی (یارسان) سەریهەڵدا، کە زانایانی ئەدەب بە بەردی بناغەی ئەدەبی کوردی دادەنێن، گرنگترین سەرچاوەی ئەو ئەدەبەش ( سەرنجام)ە.

سرودی ئایینی یارسانی لەدوو بەش پێکهاتووە، یەکەمیان پەخشانە، دەرباری ئاینی یارسانی بوون. دووەمیان :سرودە دەربارەی ئاین و ستایشی پەروەردگارو ئەولیاکانە.

(سەرئەنجام) (2) : کتێبی ئاینی ئەهلی حەقە، لەکوردستانی ئێران زیاتر بە (سروودی دینیی یارسان)(3)، واتە سروودی ئایینی یارانی سوڵتان سەهاك ) بەناوبانگە، کەدەڵێن (پەرد یوەر)(4) لەناوچەی سنە هاتوتە دنیا یەکەمین دانەری ئەم کتێبە بە سوڵتان سەهاك دەزانن بەپەخشان و شیعریشە.

کتێبەکە باسی بنیاتنانی دنیاو ئەوە دەکات کە خواو چوار فریشتەیە سەرۆکایەتی جبریل جیهان بەرێوەدەبن، باسی دەرکەوتنی گیانی خوای تێدایە لەحەوت کەسدا: یەکەمیان علی کوڕی ئەبوتالیب چوارەم خەلیفەی ئیسلامە، هەروەها سوڵتان سەهاك کە لەپلەی خوایە تیدایە، ئەهەلی حەق لایان وایە بنیامین تەنیا نهێنی خوایەتی لەشاخی (داڵەهۆ) بە ئەوانی وتووە بەزمانی کوردی گۆرانی پێوتوون ئەمانە باوەڕیان بە (دووناو دوون)هەیە کە زاتی خوا ناوبەناو لە گیانی هەندێك کەسانی پیاو چاك و چاوکراوەدا دەردەکەوێت، پێیان وایە کە شەیتان و هێزی شەڕ لەمرۆڤ خۆیدایەو جگە لەمانەش کتێبەکە باسی هەندێك لایەنی تری داب و دەستووری ئایینی ئەهلی حەق و گفتوگۆی هەندێك لەئیمامەکانیەتی )(5) .

**1- هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە لەبارەی لیریکای شیعری کوردی و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا، بەتایبەتی قوتابخانەی شیعری گۆران لەکاتێکدا شیعریی لیریکا و جوانناسی عیرفانی بەرێژەیەکی بەرچاو لەئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا، ڕەنگیداوەتەوە، هەڵبژاردنی بێسارانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، هونەری لیریکای ئەم شاعیرە لە دووتوێی دەق و واتای زمانییدا ئاشکرا بکرێت ، شیعرەکانی ڕەنگدانەوەی قووڵی هزری عیرفانی و شیعریی لیریکین و ئەزموونێکی قووڵ لەپشت شیعرەکانیەوە هەیە.

**2- ئامانجی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە بەدوای پرسی زیندووی شیعردا دەگەڕێت، بەتایبەتی بۆ نیشاندان و دەرخستنی شیعری کلاسیکی لیریك، لەدیالێکتی گۆران، بەگوژمتر وەك زمانی ئاینی و زمانی ئەدەبی لە برەودا بووە، بێسارانی خاوەن شێوازو کاریگەریی بەسەر ڕەوتەکەوە هەبووە، چونکە شیعرەکانی خاوەن جیاوازی و تایبەتمەندی و خاڵی ئەرێنی بەرچاون لەئاست دەقی کلاسیکی کوردیدا .

---

(2) ڤ.مینۆرسکی، هەندێ لە تێکستەکانی (سەرئەنجام)ی بڵاوکردۆتەوە هەندێکیشی لێکردۆتەوە ڕووسی وپێشەکی و پەراوێزی بۆ کردووە. وەرگیراوە لە :( ئەنوەر قادر محمد، لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، سلێمانی، 2001،ل36).

(3)منیورسکی ڤ.، الاکراد احفاد المیدیین، ت و تعلیق، الدکتور کمال مظهر احمد،مجله المجمع العلمی الکردی، بغداد، العدد، الاول- المجلد الاول 1973-،ص552.

(4) ماشەڵلای سووری ساڵی 578 لە گوندی وەران، کە دەکەوێتە نوچەی هەورامانی لهۆنەوە، لەدایکبووە، هەروەها د.جەمال نەبەز دەڵێت: بەپێی ئەو چیرۆکانەی کاکەییەکان دەیگێڕننەوە، سەرۆکی ئەم ئایینە نێوی( ئیسحاقە)بووەو ئەویش کوڕی شێخ عیسایی بەرزنجی بووە، بەڵام بەقسەی (ئەهلی حەق)ی لەناوچەی گۆران (لە کوردستانی ئێران) دامەزرێنەری ئاینی نوێی (سوهاك)و خەڵکی ناوچەی زاگرۆسە. لە کتێبی لیریکای شاعیری گەورەی کورد(مەولەوی) وەرگیراوەو.(أنور قادر محمد، سلێمانی، 2001، ل35-37).

(5) د. جەمال نەبەز لەمبارەیەوە دواوە و ئاماژەی بەوەکردووە کەپلەو پایەی سوڵتان سەهاك لەلایەن لە عەلی بەرزترە، هەروەها دەڵێت ئەمە ئاینێکی کۆنی کوردیەو پێش ئاینی زەردەشتی پەیدابووە دوای تێکەڵبوونی بەئاینی زەردەشتی جولەکەیەتی ودیانەتی و موسڵمانێتی بووە.،



DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**3- میتۆدی توێژینەوەکە**

بەسوود وەرگرتن لە میتۆدی (وەسفی- شیکاری) لەچوارچێوەی توێژینەوەی چۆنایەتی دواجار هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە دەدرێت.

**4- پلانی توێژینەوەکە**

پلان یان نەخشەیی توێژینەوەکە بەو جۆرە دارێژراوە، کە خزمەت بەئامانجی توێژینەوەکە بکات وە ڕوونی بکاتەوە، واتە توێژینەوەکە لە دوو بەش پێك هاتووە، بەشی یەکەم تەوەرەی یەکەم باسی مێژووی شیعریی لیریکی کراوە، لەگەڵ بنچینەو و لێکدانەوەی لیریکا لەگەڵ قۆناغی ئاینی و دەرکەوتنی مۆسیقا لەکوردستاندا، لەبەشی دووەم تەوەرەی یەکەمدا، باسی ناوەڕۆکی شیعری کوردی و هونەری کوردی و لیریکا لای شاعیر، پاشان دینامیکیەتی شیعریی بێسارانی لەگەڵ چەند فاکتێك بۆ دینامیزمی شیعری هۆرامی، کاریگەریی لەسەر چەند شاعیرێك، پاشان ڕەنگ دانەوەی ڕیتم لەشیعری گۆراندا، لەگەڵ ئەدەبیاتی عیرفانی کوردی لای شاعیر وجگەلەوەش سەرچاوەی شیعری ئەوین ئاماژەی پێ کراوە و دید و تێڕوانین خراوەتە ڕوو .

## بەشی یەکەم

### تەورەی یەکەم

### 1-1 مێژووی شیعری لیریکی

شیعری لیریکی مێژوویەکی دوورو دێژی هەیە لەئەدەبی جیهانی و ئەدەبی کوردیدا. دەشێت بە یەکەم جۆری شیعر دابنرێت کە پێوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەهەست و سۆزی تراژیدی لای مرۆڤەوە هەبێت، ئەم هەست و سۆزە تراژیدییە ناوەڕۆکی خۆی بەپلەی یەکەم لەمەرگ و لەدەستدانی کەسانی خۆشەویست (بەهەموو شێوەکانی )بەرجەستەدەکات. کێشەیەکی دەروونی زۆر نزیك لەمرۆڤەوە دەوروژێنێت. لەلای شاعیران وەك کردەیەکی پۆزەتیف دەکەوێتەوە و دەبێتە سەرچاوەی ئیلهام و داهێنانی ئەدەبی .

(شیعری لاواندنەوە لەشێوەی (گۆرانی)یش هەبووە، بەڵام ئەم جۆرە لاواندنەوە لیریکیە کە هەردەم بەشیعر نوسراو و گوتراوە شیعری لاواندنەوە پێوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەشیعری ستایشەوە هەیە، ئەمەش لەبنچینەدا تایبەتمەندی ئاینی هەبووە و دەگەڕێتەوە بۆ سرووده ئاینییە لیریکیانەی هێلینی لەچڕنەکانی خواوەند دیونیزۆس (Dionysos) دەگوترا، ئەم جۆرە شیعرە ستایش ئامێزە کە دواتر ئەو سیما تراژیدییە وەردەگرێت کەپێوەندی بەجەنگ و لەدەستدانی کەسێك و کارەساتێك وە هەیە)[6] .

ئەمەش تایبەتمەندی پاك بوونەوەی دەروونی بە، واتە لەیەك کاتدا بۆ بەبیرهێنانەوە و نرخ پێدانی کەسی لەدەستچوو بووە لەهەمان کاتدا وەك تراژیدیایەکیش پیشاندراوە، ئەمەش لەڕێگەی ڕووبەڕوو بوونەوەی کارەساتەکە خۆی و ناسینی بەگشتی تێگەیشتن لەچەمکی مەرگ و لەدەست چوون و نەمانی خۆشەویستی کرۆکی تراژیدیای شیعری لاواندنەوەی لیریکی پێکدەهێنێت .

### 2-1 بنچینەو لێکدانەوەی شیعری لیریکی

شیعری لیریکی وەك سیفەتێکی تراژیدی دەشێت زۆر کۆنتر بێ وبگەڕێتەوە بۆ سەردەمە هەر کۆنەکانی مرۆڤایەتی چونکە ڕاستەوخۆ پێوەندی بەچەمکی مەرگ و لەدەستچوون و کارەساتەوە هەیە .

شیعری لاواندنەوەی لیریکی Elegie یان Elegiaque وەك لێکسیکولۆژی لەدوو ووشەی Elegiacue - Elegia, ی لاتینیەوە هاتوون، هەردووکیان ناوو سیفەتن بۆ جۆرە شیعرێکی لیریکی کە لەئەدەبی ئەوروپی کێشێکی تایبەتی شەش پیتی Hexametre و پێنیج پێیی نوسراوە Pentametre )[7]

---

[6] د.محسین احمد عمر، لێکۆڵینەوە کوردیەکان، بەرگی یەکەم – چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر-2012،ل2
[7] Dictionnaire des genres et notions litteraire perfacc par frncois Nourissier, ed Albin Michel , paris , 1997, pp233

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

لەلایەکی ترەوە، ڕوانینێکی تر هەیە لەبارەی شیعری لاواندنەوەی لیریکی.

ئەم جۆرە شیعرە لەوشەی – ەوە هاتووە، کەزمانی ئارامی کۆن بەمانای ((فلوت –نای))هاتووە ئەم جۆرە شیعرە هەردەم وێرای فلوت یان نای ژەنین گوتراوە، هەندێك جاریش پێی گوتراوە: سروودی نای یان سروودی فلوت )[8]

لەیۆنانی کۆندا شیعری لیریکی هەردەم وێرای ژەنینی ئامێری(لیرlyr )گوتراوە، کە دواتر بۆتە ناوی ئەم جۆرە شیعرە تایبەتە، بەناوی ئەم ئامێرە بەرامبەرەکەی لەکوردی شەشتارە و لەبابیلۆن و میزۆ پۆتامیای کۆن هەمان ئامێری شەشتارە.

بەڵام بەشێوەی جیاواز هەبووە کە ئەمڕۆ لەزمانی عەرەبیدا بە (القیثارة) ناوی دێت، دەشێت ئەم بۆ چوونە ڕێژەیەك لایەنی ڕاستی تێدابێت .

(لەبنچینەدا شیعری لاواندنەوەی لیریکی بەبۆنەی مەرگی کەسێکی خۆشەویست گوتراوە، بەسێ هەنگاوی مێژووی گەشەی کردووە، لەئەدەبیاتی یۆنانی کۆن سەری هەڵداوە و لەسەردەمی ڕۆمانەکان گەشەی کردووە و درێژەی هەبووە )[9].

بابەتی سەرەکی ئەم جۆرە شیعرە هەردەم بریتی بووە لەپێشاندانی هەستی خەمباری و لاواندنەوەی کەسێکی خۆشەویستی لەدەستچوو، هەندێك جاریش بۆ کەسێکی خۆشەویستی لەدەستچوو گوتراوە بێ ئەوەی مەرگی تێدابێت (خۆشەویستی ناکام).

(لەئەدەبی هاوچەرخی ئینگلیزی قەسیدەی (لەیادی ییتسی – شاعیر In memory ofw B.yeats، کەلەلایەن ئۆدن W.H.AUDEN (1907-1937)نوسراوە، بەیەکێك لەقەسیدە جوانەکان لەم بارەیەوە لەقەڵەم دەدرێت، لەئەدەبی کۆنی کوردیدا قەسیدەی:

**گلکۆی تازەی لەیل گلکۆی تازەی لەیل**

**ئارۆشیم وەسەر گلکۆی تازەی لەیل**

لەلایەن ئەحمەد بەگی کۆماسی، کە هەندێك دەڵێن هی ئەحمەد بەگی دەربەند فەقرەیە و بەزاری گۆران – ی نوسراوە ، بەیەکێك لەشاکارە جوانەکانی شیعری لاواندنەوەی لیریکی و خۆشەویستی لەسەرجەم ) ئەدەبیاتی کوردی لەقەڵەم دەدرێت )[10].

لێرەوە خەیاڵ و ئەندێشەی ئەدەبی کوردی و ڕێباز و شێوازی ئەدەبی دەردەکەوێت ئەگەر چی ڕۆمانتیك وەك ڕێبازێکی دیاریکراو لە ئەدەبی کوردی دەگرێتەوە زۆر کۆنتر، لەسەردەمی جیا جیا لەئەدەبی کوردی دەدۆزێتەوە، وەك لەلای مەولەوی و بێسارانی و ئەحمەد بەگی کۆماسی ....تاد.

هەربۆیە بەسەردەمێکی مێژووی کە بەرۆمانسیزم ناسراوە ، شاعیران تێیدا گەلێك زۆر تایبەتمەندی شیعریی جێگیر دەکەن، وەك بەکارهێنانی کێش و ریتمی نوێ، ڕەمز و وێنەی شیعری.

حەکیم مەلا ساڵح دەڵێت:( ئەوبەراوردەی کاك ڕەئوف عوسمان لەنێوان (هۆگۆ)و(مەولەوی تاوەگۆزی)دا کردویەتی، و دەڵێت: وەکو مێژووە نووسە جیهانییەکان دەڵێن سەرقافڵەو گەشەپێدەری ئەدەبی ڕۆمانسی لە فەرەنسادا هۆگۆی بەهرەمەند بوو(1802-1805)، ئەم مێژووە تارادەیەك بەرامبەر لەگەڵ لەدایکبوون ومردنی مەولەوی دا(1806-1882) واتە لەدایکبوونی ئەدەبی ڕۆمانسی لە فەرەنساو لە کوردستان دا لەیەك کاتدا لەسەردەستی هۆگۆ و مەولەوی دا هاتە کایەوە، مەولەوی داهێنەر و گەشەپێدەری هۆنراوەی ڕۆمانسی کوردیە).[11]

ئەم بەراووردە ئەوەندەی تێدایە کە گەلی کورد لەگەڵ ئەو هەموو کەم دەستییە، هاوکات لەگەڵ وڵاتێکی ئازادو پێشکەوتووی وەکو فەرەنسادا بۆنی هەڵاڵەی ڕێبازێکی ئەدەبی کردووە، جگەلەوەش بەرلە مەولەوی شاعیرانی ترمان هەن، بێ ئەوەی قوتابخانەیەکیان بەناوی ڕۆمانتیك ناسیبێت، زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانیان دەچنە ئەو خانەیەوە، بۆنموونە، بێساران، سەدە و

---

[8] هەرئەوسەرچاوەیە، ل234.

[9] Daniel couty .Histoire dela literature francais ,ed .Bordas,2004,pp496

[10] د.محسین ئەحمەد عومەر، لێکۆلینەوە کوردییەکان، ل25.

[11] حکیم مەلا ساڵح،دیوانی بێسارانی، چ1، چاپخانی میهن، سنە، 1375، ل20.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

نیوێك و چەند ساڵێك بەرلە هۆگۆ پەی بەم مەسەلەیە بردووە، وەك یەك سەدەش لەپێشتر بووینەتەوە دەستپێشخەر، وەکو توەێژەرە ئەوروپییەکان دیاریان کردووە، کە رۆمانتیك لە کۆتایی سەدەی هەژدەو سەرەتای سەدەی نۆزدەدا سەریهەڵداوە.

رۆمانتیك لەئەدەبی کوردیدا سروشتییەو، بەڵام لەئەوروپادا دەستکردبوو، لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە، کە دەستەیەك شاعیری رۆشنبیری دژی خوو رەوشتی شاعیرانی کلاسیك ڕاپەڕین دژی ئەو ئەدەبەی کەلە کۆشك و تەلارەکاندا بەدەست نەجیبزادەکانەوە گیریکردبوو.

**3-1 قۆناغی ئاین**

قۆناغی ئاین ئەو قۆناغەیە، کە مۆسیقا بەشێوەیەکی گشتی و بەپلەی یەکەم لەئاین و هەستی خواپەرستییەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئەم دیاردەیەش لەئەوروپاش هەربەهەمان شێوەی کوردستان بووە، ئەوروپاش قۆناغێکی فراوانی ئەوروپای مەسیحی بەوە تێپەڕ دەبێت، کە مۆسیقا لەهەستی خواپەرستی و ئاینییەوە سەرچاوە وەربگرێت، ئاینی مەسیح سەرچاوەی یەکەم و هەرەگرنگی نەشونمای گۆرانی و مۆسیقا بووە.

(لەسەرهەڵدانی مەسیحیەتەوە بەدرێژایی سەدەکانی ناوەراست، مۆسیقا بەشێك بوو لە مەراسیمەکانی کڵێسای کاتولیك، پاشکۆی وشەکانی ناو ئینجیل و جوڵانەوەکانی مەراسیمی کڵێسایی بوو، تەنانەت مێژوو نووس باوەڕیان وایە کە پیانۆ لەناو کەنیسەدا داهێنراوە ئاوازە کاتۆلیکییەکان کە کۆڵەکەی مۆسیقای دینی بوون، لەماوەی سەدەکانی چوارەم تا نۆیەمدا، لەو پەڕی گەشانەوەی خۆیاندا بوون تیۆرە دارێژەکانی کڵێسا گەلێك نۆتەو ئاوازی کڵێساییان بۆ کڵێسا کردبوو بەشتێکی ستاندارد. تەنانەت ماوەیەك خەڵك باوەڕی وابوو کە ئاوازی زەنگدانەوەی زەنگی کەنیسە ڕۆحی خراپ دەڕەوێنێتەوە )[12].

کڵێسا بایەخی داوە بەگەشە کردنی مۆسیقا بۆ ئەوەی ئاین بڵاوبکاتەوە و شکۆمەندی ئاین و مەسح و کڵێسا بەخەڵك پیشان بدات ،بۆیە کڵێسا دەهات گەلێك خەڵکی هەژاری لەسەر شەقامەکان هەڵدەگرتەوە فێری مۆسیقای دەکردن بۆ ئەوەی ببنە گۆرانی بێژ و سەڵاکێش و مۆسیقا ژەنی کڵێسا .

(خودی کۆراڵchorale کەئەمرۆ بەواتایەکی مۆدێرن بەکاردێت، بریتییە لەسروودە خواپەرستییە پێکەوەیی و میللیانەی کە لە سەرچاوەیەکی دینییەوە هاتوون، ئەو سروودە ئینجیلی و دینیانە بوون کە لە کڵێساکانی ئەڵمانیا دەگوترانەوە، مارتن لوتەر luther (1482-1546)گەشەی بەکۆراڵ دا، کۆراڵی دینیی بەگۆرانییە میللییە ئەڵمانییەکان موتەربەکرد)[13].

هەربۆیە سەرهەڵدانی خودی نۆتەواتە:(ڕێنووسی مۆسقایی ) ئەویش هەرلەناو راهیبەکانی سەدەیی یازدە و دوازدە هاتە کایەوە، ئەمەش وای کرد تێکستی مۆسیقایی بپارێزرێت و پۆلین بکرێت، کەم و زیاد بکرێت و پەرەی پێبدرێت .

**4-1 مۆسیقا لە کوردستان**

دەشێت بڵێین مۆسیقا بەشێوەیەکی گشتی و بەپلەی یەکەم بەرێژەیی لە ئاین و هەستی مەزهەبییەوە سەرچاوەی گرتووە.

(لەرێگەی کتێبی پیرۆزی ئاڤێستاوە، کە هاوزمانی ئیمپراتۆریەتی مید (625-550پ.ز) لەهەمەدانەوە بگرە تادەگاتە ئەولای دیاربەکر بەکوردستاندا بڵاودەبێتەوە، دینیی زەردەشت بەیەکێك لەسەرچاوەکانی گۆرانی و میوزیك دەژمێرێت لەکوردستاندا)[14]

گاتا یان گات (گاپ،گاز)، کە دەکاتە ئایەتەکانی ناو ئاڤێستا و بەزمانی میدیەکان واتای(گاس) دەگەیەنێت، تا ئەمڕۆش لە دیالێکتی ئەمڕۆی بادینان و موکریان بەتایبەتی مەهاباد لەشێوەی گاز و گاس ماوەتەوە بەمانای (بانگ)کردن دێت (گاسی بکە، گازی بکەم) لەبنەڕەتدا بریتییە لەبانگی زەردەشت بۆ میللەتەکەی خۆی .

(12) فەرهاد پیربال، مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردی، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ،2010،ل9.
(13)فەرهاد پیربال، مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردی، ل11
(14) هەرئەوسەرچاوەیە ، ل11

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

یەسناو گاتاکان کە بەمۆزیك یان لەشێوەی سروودی ئایینی دەگوترانەوە، یادگاریی ئەو نوێژو مەزهەبییانەی سەردەمی زەردەشت کە زۆربەی مێژوونوسان پێیان وایە سیاچەمانە و هۆرەی هەورامان، هەروەها سروودی یارسانی ئەهلی حەق بەهەمان شێوە مۆزیك و گۆرانی ئێزیدیەکانی لەکاتی زیکرو کۆڕەکانیاندا، لە مۆسیقای زەردەشتی و ئایینی زەردەشتەوە هاتوون.

نیشانەیەکی تری سەلماندنی مۆزیك و گۆرانی رۆژگاری زەردەشت تا دەگاتە رۆژگاری ئەهلی هەق و ئێزیدییەکانیش لەمەزهەب و گۆرانی، لەگەڵیك شوێن و حاڵەتدا، بەشێوەیەکی پێشکەتوویی و دەستەجەمعی گوتراون و ژەندراون هەموویان پێکەوە، وەك کۆڕاڵێك بەرجەستیان کردووە .

(هێرۆدۆت بەڵگەیەکی تریش دەهێنێتەوە بۆ سەلماندنی ئەو راستییە لەبارەی پێشکەشکردنی قوربانی لەلایەن میدییەکانەوە بۆ خواوەندەکانیان دەڵێ: مووغەکان خۆیان سەرپەرشتیاری ڕێوڕەسمی ئەو قوربانییانەیان دەکرد، دوای قوربانی کردنەکەش وەك (هێرۆدۆت) و(سترابۆن) دەگێڕنەوە: مووغەکان سروودی تایبەتی خواوەندیان دەچڕی).[15]

(پیرۆزبوونی مۆسیقا لای زەردەشتیەکان بەبەڵگەیەکی تریش دەتوانرێت بسەلمێنرێت، ئەویش ئەوەیە کە بەهەشت (بیری بەهەشت) لەئاینی زەردەشتیدا بە پێچەوانەی ئاینی ئیسلام کەتێیدا بەهەشت بریتییە لە (حۆری و شەراب و هەنگوین) بەهەشت لەئاینی زەردەشتیدا بریتییە لە مۆسیقا واتە لەبەهەشتی زەردەشتدا گۆرانی و موزیك هەیە نەك حۆری و شەراب، ئەمە ئەوپەڕی پیرۆز بوون دەبەخشێتە مۆسیقا، پێوەندی نێوان ئاین و مۆسیقا پیرۆز دەکا) [16] .

هەربۆیە زۆرێك لەمێژوو نووسانی مۆسیقا هەندێك لەئامێرە مۆسیقاییەکان دەگەڕێننەوە بۆ کوردستان .

شەهرزاد قاسم دەڵێت:

(عوود و ساز هەرلەسەردەمی خورییەکانی دووهەزار ساڵ پێش مەسیح لەکوردستان لەنێوان شاری (وان) تا دەگاتە ناوچەکانی کوردستانی عێراقی ئەوڕۆ بەکارهاتووە، مێژوو نووسەکان بۆ سەلماندی ئەم ڕاستییە ئامێری عوودیان لەناوچەی (نووزی) دەدۆزنەوەوە لەنزیك کەرکوك کەپایەتەختی خوورییەکان بووە ئەو کاتە ).[17]

ئاینی ئیسلام لەبواری موزیکدا سێ خاڵی گرنگ و نوێیی لەگەڵ خۆیدا سەپاند بەسەر کوردە زەردەشتییە بەموسوڵمانبووەکان :

1- (سەپاندنی ئیقاعی ژیانی تایبەتی عەرەب بەسەر کورد دا، ئەمەش بووە هۆی سەپاندنی ریتمێکی نوێ و شێوازێکی نوێی بەسەر ژیانی کوردو بەسەر مۆزیکی کورد دا )[18]

ئاینی زەردەشت هەروەها میللەتی کورد لەسەردەمی زەردەشتدا ریتمی تایبەتی خۆیی و شێوازی تایبەتی خۆی هەبووە وەکوشاخاویی ، شار، سروشتخواز، ئەو ریتمە لەناو هۆرە و حەیران و لاوك و سیاچەمانەو تەنانەت لەناو شیعرەکانی مەولەوی وبێسارانی و وەلی دێوانەشدا هێشتاماوە.

هەر بۆیە ئاینی ئیسلام ریتم و مەقام و ئاوازە کوردیە زەردەشتییەکانی ژیانی خستە چوارچێوە و قاڵبێکی ئەوتویە لەگەڵ ریتم و تایبەمەندیەکانی ژیانی خۆیی بگونجێت.

لەبواری ریتمدا پێوستە ئاماژە بەکودەتایەکی تریش بدەین کە عەرەب بەهۆی هەژموونی ئیسلامەوە لەبەستێنی ئاواز و دەنگ و ریتمدا دەیکات ئەو کودەتایەکە نەك تەنیا لەبواری موزیك، بەڵکو لەبواری مۆسیقای شیعریشدا باندەستی خۆی جێ دەهێڵێت .

(خەلیل کوڕی ئەحمەدی ئەلفەراهیدی (718-791)هاو زەمانی بڵاوبوونەوەی ئیسلام، کێش و بەحرە عەرووزییە عەرەبیەکان بۆمۆسیقای شیعریی عەرەبی دادەمەزرێنێت (دەستنیشانیان دەکات) پاشان هەریەك لەوەزن و ریتمە جۆراو جۆرەکان بە(بەحر) ناو دێردەکات .

---

[15] هاشم رضا، تأریخ مطالعات دینهای ئیرانی، چاپ2، 1371ش، انتشارات بهجت، تهران، ص، ص26، 28، 105، 106.
[16] فەرهاد پیرباڵ، مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردی، ل13.
[17] شهرزاد قاسم حسن، الات الموسیقی التقلیدیة فی العراق المعاصر، بغداد،1976 ،ص98.
[18] فەرهاد پیرباڵ، مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردی،ل18.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بەحری ڕەمەل، بەحری هەزەج،سەخەڕ، المجتث، الرجز.....تاد)[19].

ئەوە دەردەکەوێت، کە تەنانەت ناوەکانیشیان سروشتی بیابان و ژیانی دوورگەی عەرەبیان پێوە دیارە،ئەم کارە وادەکات شاعیرانی سەردەمی خەلافەتی عەباسی، المتنبی، ابو العلاء المعري، ابو فارس الحمدانی...تاد.

پەرە بەم بەحرانە بدەن وبلاویان بکەنەوە، هەربۆیە کاریگەری دەبێت بەسەر ئەوەی کە لەمەولا شاعیرانی کوردیش وەك ئەحمەدی خانی و مەلایی جزیری و تا دەگاتە نالی و مەحویش، تەنانەت گەورە شاعیرانی تورك و فارسیش وەکو فزوولی، گەنجەوی، فیردەوسی، شیرازی، بێن، تەنیا بەکێشی (مۆسیقای عەرەبی شیعر بنوسن و واز لە مۆسیقای خۆمالی یان کوردی بهێنن لەکاتی شعیر نووسیندا.

جگە لەهەندێك شاعیرانی وەك (بێسارانی و مەولەوی) یان ئەو شاعیرانەی دی کە نایانەوێت پابەندی کێشە عەرەبیەکان بن، ئەمانەش ریز پەڕن لەناو شاعیرانی پێش سەدەی بیستەمدا .

2- (ئیسلام ئامێرە مۆسیقاییەکی خۆی، کە جیاواز بوون لەچاو ئامێرە مۆسیقاییەکانی زەردەشتیەکان، سەپاندە سەر بەستێنە مۆسیقاییەکە خستنیە چوار چێوە و قاڵبێکەوە کە بۆ ریتم و تایبەتمەند و گەرووی خۆی بگونجێنێت.)[20]

مەهدی فروغ دەڵێت :

(جۆرێك ئامێری(سوورنا)ی بچووك هەیە، دەنگی زۆر خۆش، زۆرتر لەناو هۆزەکانی کورددا برەوی هەیە )[21]

هەروەها بنەچەی گەلێك لە ئامێرە مۆسیقاییەکانی ڕۆژ هەلات وەك (تەنبوور)و (بوزك /بزخ Bazua دەگەڕێتەوە بۆ کورد، وەك دەڵێت :( کە لەسەرەتادا کورد ئەو ئامێرە مۆسیقاییانەی داهێناوە )[22].

هەر بۆیە لێرەوە دەردەکەوێت ئامێری مۆسیقا لەناو کورداندا بە زۆری لەلایەن پیشەگەرە ناوچەییەکانی کورد خۆیەوە دروست دەکرێت .

3- (بیری یەك خستنی خوا (توحید فكرة الله)کە لە ئاینی ئیسلامدا هەیە، بەلام بیرۆکەی (خوا)لەلای زەردەشتییەکاندا بەشێوەیەکی جیاواز بوو، واتە لەکاتێکدا بڕوایان بە پەرستنی هێزەکانی سروشت : وەك :خۆر، مانگ، باران، ئاگر، بروسکە، هەبووە، هاوکات هەریەك لەمانەشیان وەك خواوەندێك داناوە).[23]

پەرستنیشان بۆ ئەم دیاردانە لەو ڕوانگەیەوە بووە کە ئەم خواوەندانە کەڵك و پیت و بەرەکەتیان بۆ مرۆڤ هەیە و لەبەرژەوەندی مرۆڤدان، واتە هێزی خێرو چاکەن، بەلام هاوکات هەر ئەم خواوەندانە، وەك نموونەی باران، ئاگر، خۆر.......

زیانیشیان بۆ مرۆڤ دەبێت و دەبنە هۆی دروست بوونی کارەساتی وەك :لافاو، یان پێچەوانەکەی کە وشکە ساڵی و هەژاری ، نەخۆشی، بەداوەیە، هەربۆیە لەئاینی ئیسلامدا مۆسیقا بەمەرجێك ئەگەر تەنیا بریتی بێت لە تەهلیلە و خواپەرستی و دەربڕینی عیرفان، ڕێزی لێ دەگرێت و ڕێگەی پێ دەدرێت، قەدەغە ناکرێت .

لەئەورووپاش، تاسەدەکانی پێش رێنیسانس(سەدەکانی 15، 16) موسیقای میللی بەرچاوی سووك تەماشا دەکرا. ئەمەش چونکە هەم دەوڵەت و هەم کەنیسە دژایەتی گۆرانیبێژە گەڕۆك و مۆیسقا میللییەکانیان دەکرد .

[19] هەرئەوسەرچاوەیە ،ل18.
[20] فەرهاد پیربال، مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردی ،ل20.
[21] د.مهدی فروغ، نفوذ علمی و علمی موسیقی ایرانی، انتشارات ادارة لکل نگارش فرهنگ و هنر، تهران ،1354،ل83.
[22] Musique danse monde francois Rene Tranchefort ; lesints truments, Ed.seuil .paris;1980.p100-160.
[23] فەرهاد پیربال، مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردی، ل22.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)


**5-1 مۆسیقای لیریك**

ئەو قۆناغەیە، کە مۆسیقا سەرچاوەکانی خۆی لەهەستی رۆمانسی و خرۆشانی سۆز و رە مییەکانەوە هەڵدەهێجێنێت، دواتریش لەهەستی نەتەوە پەروەرییەوە .

سەرهەڵدانی ئەم قۆناغە مانای ئەوە نییە کە لیریك سەرچاوە دینییەکەی مۆسیقای فەرامۆش کردووە، بەتایبەتی لای گەلانی تری دنیا، وەك دەبینین تاکو ئەمرۆش ئەو مۆسیقاو گۆرانییانەی لەهەستی دینی و لەدینەوە بەردەوامن .

پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت ، کە سەرهەڵدانی گۆرانیی دینی ومۆسیقای ئیسلامی، مۆسیقای لیریك و گۆرانی لیریك هەر هەبووە.

(ابن الشعار) الموصلی لە قلائد الجمان لە ساڵی 1256 دەڵێت:

زۆر لەمۆسیقارە کوردەکانی وەك محمد بن القاسم بن محمد بن علی ناسراوە بە (ابو البر الاربیلی، کە ئاوازدانەر و مۆسیقارێکی شارەزای هەولێر بووە و لەساڵی 1211 ژیاوە ئاوازی بۆ گۆرانیبێژەکان داناوە و هۆنراوەی گۆرانیی بۆ یان نووسیوە، ئەهلی تەرەب گۆرانییەکانی ئەویان وەرگرتووە و لە مەجلیسەکانی خۆیان گوتوویانەتەوە).[24]

هەروەها القزوینی لە(آثار البلاد) باس لە شایی و هەڵپەرکێ و گۆرانی دەکات لەشاری هەمەدان).[25]

لەناو تابلۆی دووەمی شەرەفنامە لە ساڵانی (1600)دا عوود و ساز دەبینین، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە عوود و ساز ئامێرێکی وا بوونە لە کۆنەوە لە کوردستاندا بۆ دەربرینی شادی و خۆشی و گۆرانی بەکارهاتوون)[26].

هۆی گەشەسەندنی مۆسیقای لیریك (رۆمانسی و نیشتمان )دەگەرێتەوە بۆ ئەو پێشکەوتن و گەشەسەندنی لەژیانی ناوچەکەدا هاتە پێشەوە

(فارقی لە کتێبی تأریخ الفارقی لەساڵی 1181 با لەمیری کورد نصر الدولة المروانی و خێزانەکەی دەکات کە چۆن ئاهەنگیان لە شاری میافارقین و دیاربەکر ساز داوە و گەمەو گۆرانی و سەمایان تێیدا گێراوە )[27].

بۆیە کۆتایی سەدەی نۆزدە گۆرانکارییەکی فراوان لەژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و شارستانی کورددا روودەدەن، لەوانە دەرکەوتنی ئافرەت لەناو ژیاندا شانبەشانی پیاو، دروست بوونی چەندان پێوەندی جۆراو جۆری کوردستان بە ئەوروپاوە لەرێگەی ئەستەمبوڵەوە، هەروەها پێشکەوتنەکانی ژیانی پەروەردەیی و خوێندەواری و بازرگانی و سەرهەڵدانی بیری نەتەوە خوازی کورد ، هەموو ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی کە هەستی لیریك، نۆستالژیا، هەروەها هەستی رۆمانسی و سۆز، لە مۆزیك و گۆرانی کوردیدا سەرهەڵبدەن .

---

[24] ابن الشعار الموصلي، قلائد الجمان(1256م)دار الكتب ،موصل ،1992،ص522.
[25] القزويني،آثار البلاد. دار الصادر، بيروت، 1960،ص485.
[26] عبدولرەقیب یووسف،نابلۆكانی شەرفنامە،بڵاوکراوەی وەزارەتی رۆشنبیری ،چاپی دووەم ،هەولێر،1998،ل17.
[27] الفارقی،التأریخ الفارقی(1181م)،دار الكتب اللبناني،بيروت،1974،ص17، 122، 170 .

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص: 1-28

## بەشی دووەم

### تەوەرەی یەکەم

شیعری کوردی لەناوەڕۆکدا وەك شیعری گەلانی تر بەپێی باری دەروونی لەناکاوی بێ ئاگایدا ئێتنیکی ئەو گەلە ڕسکاوە و لەویژدانی ئەو لەناکاویەدا، ماوەتەوە ئەمە کاری شاعیر و شیکاری ئەدەبیە کە بەشیکاری و ڕۆچوون بەناو ئەم هەناوەدا و برشتی شیکارییەکان دەگاتە قوڵایی ناوەڕۆکی ئەو ناوەندە و ڕاستییەکان پێناسە دەکات و موتیڤەکان و چەشنەکانی ئەو هەستە شاراواتەوە لەو پێکهاتە زمانیەدا پۆلێن دەکرێت جگە لەوەش ریتم لەشیعردا زەمینە بۆ ڕەخساندنی هەستیاری و بزاوتویی لیریکا ئامادە دەکات .هەروەها شاعیر کورد زمانی زۆرتر بووە، بۆ نموونە چامە ئیرۆتیکییەکانی [28] بێسارانی .

### 2-1 هونەری لیریکای بێسارانی

سیمای بنەڕەتی شیعری گۆرانی، ناوەڕۆکی سەرەکی دەبێت بە دوو بابەت .

1- لیریکی سروشت.
2- لیریکی خۆشەویستی، کە میزاجی سۆفییانەی قوڵی هەیە.

دەبێت ئەوە بوترێت، کەلەبەرهەمی زۆربەی شاعیرە ئەردەلانییەکاندا بایەخێکی زۆر بەسروشت دراوە و (شاعیرانیان بەشێوەیەکی وەستایانەو رەنگین و پرجۆش ڕێگای دیمەنەکانی سروشتیان ئافراندووە، هەمیشەش (سروشت) دەربڕی حاڵەتەکانی دەروونی مرۆڤە هەروەك کە لەفۆلکلۆردا سروشت تەنیا بنەما نییە، بەڵکو بەشدارێکی چالاکی حاڵەتی پاڵەوانەکانە ).[29]

بابەتی لیریکی لای شاعیرانی هەورامی کێشانی تابلۆی پایز و گیانەڵاوی سروشت، بنەمایەکی هاو ئاهەنگی بۆ میزاج و ئەو ماڵە دەروونییە هێناوەتە کایەوە بەردەوام ڕووکردنە سروشت و دیمەنەکانیان، تایبەتمەندییەکی تری شیعری گۆرانی (هۆرامی) واتە لیریکی خۆشەویستی لێوان لێوی بیری سۆفیانەیە، رووی لەچینی هەژارو خوارەوەی کۆمەڵ بووە.

دالی (لیریکا) تەنیا یەك مەدلول ناگرێتە خۆی، بەو مانا بەرفراوان و فرەچەشنیەوە کە هەیەتی، لیریکای سروشت، لیریکای هەستی تاکی و عاشقانە، عارفانەو تیۆکرانیانە، کۆمەڵایەتی ونەتەوایەتی و غەزەل و پاڵەوانێتی یان تێهەڵکێشی ئەمانە، لەتێکستەکاندا ئەم تایبەتمەندییە جەوهەرییە بەباشی داڕێژراوە .

هەربۆیە بێسارانی وەك ئەستێرەیەکی پرشنگدار لەنێو ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا دەدرەوشێتەوە، زمانە شیرینەکەی نەرم و پاراون ئەندێشە هونەرییەکەی سادە و پڕ واتان، لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکی ئەدەبیەوە زاڵە بەسەر شیعر و ئەدەبی ژێردەستی کلاسیکی کوردیدا واتە پاپەند نییە بەکێشی عەرووزی عەرەبیەوە خۆی جیادەکاتەوە، ئەمەش بریتیە لە چەپکێ شێوازی هونەری هەست ئامێز مایەی مەزنی و مانەوەی ئەم شاعیرەیە لەچوارچێوەی لیریکای کوردیدا، جگە لەوەش بەزاندنی بازنەی قۆرخکراو داهێنانی زمانێکی جیاواز لەگەڵ وێنە لیریکییەکان و لادان لە هەندێك ڕێسای چوارچێوەدار زمانی زاڵ واتە کەڵك وەرگرتن لە توخمگەلێك کەنین لە ناو بازنەی ئەدەبی شاعیرانی هەورامی بەجۆرێك کە ووروژاندنی زمانیان زۆرتر هەبێت .

---

[28] (ئیرۆس Eros )خوای یۆنانی – ڕۆمی عەشــق و لیریك بووە، کەدەبێت لەم خولگە موســیقاییەدا ســەماکەر بەپێوەندی لەگەڵ( لیر) بەخوێندنەوەی شــیعریی عاشــقانە بە جوڵەی ریتم ئامێز، چوارچێوەی پێش فەرزە نەریتییەکان ببەزێنێت و بچێتە ناو ئاســۆکەوە و پاش وەختییەکانی ئەوین و عەشقەوە.

[29] م.ب-ڕۆدینکو،و، لەڕووسیەوە،ئەنوەر قادر محمد، وتار گەلی، ئەدەبی کورد سەدەکانی ناوەڕاست، چاپخانەی تاران، دەزگای ڕۆشنبیری جمال عیرفان، سلێمانی،2020، ل186.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الـسـليمانية
ص:1-28
المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ئەمەش نموونەیەك لە چامە ئیرۆسە ئامێزەكانی بێسارانی :

**( چراغ جەی دنیا**

**ئەوندە، ئاواتم، مەدەن جەی دنیا**

**وەرتەر جە مەردەن، بەدیدەم بدیا**

**لەب وە بانی لەب لالێ تۆم بنیا**

**هەردوو بنیامان سەر وە یەك سەربن**

**كەر دامان رازی و پەردەی وەرین**

**بدیام دەستی تۆم شیەن نەگەردەن**

**بۆ بنیام نەبۆی زوڵف مشكینت**

**بكەردام طەواف، كەعبەی جەمینت**

**دەرسات مەواستم، ئاوات وە مەردەن**

**باڵای وێم پەشتان باڵات بكەردام**

**حەسرەت نمەبێ ئەگەر بمەردام )**[30].

ئەمەش دەستپێشخەریی و پراكتیزەكردنی تیۆری خۆماڵی (ڕۆمانسیزم)ە لە ڕەوتی شیعری كلاسیكی كوردیدا، لێرەدا مەبەست فاكتە ئەدەبی- هونەرییەكە لەدەقەكانی بێسارانیدا بەدی دەكرێت، دێنە هەڵهێنجاندن، پێشتر لەئەدەبی كلاسیكدا بەو جۆرە بەرچاو ناكەوێت، هەروەها پێداگیریە لەسەر فۆرمی (مەسنەوی) كە فۆرمێكی ڕەسەنی كوردییە- جەخت لەسەر میتۆدی(هێڵی ئەستوونی) كە شاعیر لەم چوارچێوە شیعرییەدا و لەژێر تیشكی ئەم تەكنیكەدا، باشتره دەتوانێت، وێنەیەكی هونەری گشتی وهارمۆنیای بكێشێت، لەبەرامبەر میتۆدی شیعری فارسی و عەرەبیدا .

ئەدەبی ڕۆمانسیزم بۆخۆی دەربڕینی هەست و سۆزی خودی شاعیره، ڕەنگدانەوەی دەروونێتی، وەك كامل بسیر ئاماژەی پێدەكات و دەڵێت: (ویژەی ڕۆمانسیزم دەنگی خاوەنەكەیەتی و ئاوێنەی باری دەروون وهەستی ئەنجام دەرەكەیەتی ). [31]

بۆنموونە بێسارانی دەڵێت:

**چراغ وەنەشەو چنوور چەنی گوڵ**

**عەزم ڕای ویصال تۆشان هانە دڵ**

**چنوورجەسەر كۆ وەنەشە جە چەم**

**گوڵ جە گوڵستان وەهەم بیەن جەم**

**واتشان بەمن بەندەی فلانی**

**چوون حاڵ زانەنی بە حاڵ مەزانی**

(30) حەكیم مەلا ساڵح-دیوانی بێسارانی-چاپی یەكەم-چاپخانەی میهن،سنە،1375،ل118-119.

(31) د.كامل حسن عزیز البصیر،ڕەخنە سازی مێژوو پەیرەوكردن، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كوردی،بەغدا،1982،ل62.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:1-28

بۆ نه ڕای( الله) بكەرە كارێ

بیاو مێ بە وەصڵ ئەو دڵبەر جارێ

چراغ ها هەر سێم بەستنەن بەدەستە

چ دەستە؟ دەستەی زگاران بەستە

هەرسێم ئاوەردەن چوون خاكساران

هەریەك وایەی وی وە چەم نەداران

چنوور پەی زولفت پەشێو حاڵشەن

وەنەوشە سەودای خاڵ خەیاڵشەن

گوڵ پەی جەمینت مەسۆچۆ چوون شەم

جە دووریت نیشتەن بە پای خاری خەم

(صاحێب) پایەنی بڵند بۆ پایەت

باوایە گێران هەریۆجەمایەت (32)

یاخود دەڵێت:

چڵێ جە پەنا.....

چڵێ چوون ڕەقیب مدران جە پەنا

هۆرئامان مدران نە ڕووی تەمەنا

مەر بادی قودرەت بدەرۆش فەنا

وەبادی قودرەت لەتار لەتار بۆ

نمازۆ باڵای قیبلەم دیار بۆ

بسۆ چۆ بەئایر بازەدەی سەحەر

ڕیشەش جەزەمین بەریۆ وەبەر

تا باڵای قیبلەم چوون شەمعی خانان

بۆینۆش بەچەم جە بەرزە بانان(33)

شیعری ڕۆمانسیزم زیاتر ڕوو لە (سۆزو ئەندێشە) دەكات كە لە هەر یەكێكیان لەمانە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن، بۆیە بێسارانی لەم دوو پارچە شیعرەدا بە زمانێكی پاك و باڵادەست خۆی لە شیعری ڕۆمانسیزمدا سەلماندووە، ئەمەش گەنجینەیەكی بەنرخە لەڕووی مێژووییەوە كە بێساران لە ئەدەبی كوریدا شیعری ڕۆمانسیزمی بەرجەستەی كردووە،

(32) حەكیم مەلا سالح، دیوانی بیسارانی، ل156-157.

(33) هەرئەو سەرچاوەیە،ل224-225.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

کەزۆرتر (قەسیدە و غەزەل) یان لەمانا ڕۆاڵەتیەکاندا بەکاریهێناوە و کایە زمانیەکان زۆرتر لەهێلی ئاسۆیدا سەریگرتووە،کە ئەمە فۆرمێکە بۆ بەستنەوەی مانۆڕ و خۆنواندنی شاعیر، کە نەتوانێت لەبازنەی وێنەو خەیاڵی پێشوەخت دەرباز بێت وتابۆکان ببەزێنیت.

شاعیر لەم نمونەیەدا ڕێچەکەی بەختی نالەباری خۆی باسدەکات، کە ئەو گرەی بەربووە لەهەناوی هەوڵ بۆ کوژاندنەوەی دەدات هەر لەیەکەم دێڕی شیعرەکەوە، ریتم و زمان بەجوانی دەبینرێت بەشێوەیەکی سەنعەتکارانە بەرجەستەی کردووە، لێرەدا شاعیر لە یەك مەبەست و وێنەی سەرەکی لەرەگەزی گێرانەوە و چیرۆك سوودی وەرگرتووە .

**(ئیمشەو ئایرێ گڕبەست نە دەروون**

**بڵێسەش یاوا بەسەقفی گەردوون**

**جە کورەی ئایر،جە بڵێسەی نار**

**ستێزام چوون بەرق، ئاو کەردم هاوار**

**جەهاوار هاوار شەفاو لاڵەی من**

**جەهەی ئاو هەی ئاوشین و ناڵەی من**

**تەمەز مەژنەو وێەك خودا تەرسێ**

**موسوڵمان صیفەت ڕاگەی حەق پەرسێ**

**ماوەرۆ گۆزەی نەفتی بیت المال**

**ماشانۆ وە ڕووی گڕ بەستەی شەماڵ**

**پێسەمەزانو یە گۆزەی ئاوەن**

**نمەزخۆیە نەفت تەوەن پێ تاوەن**

**گۆزەی نەفتش کەرد وەبڵێسەم دا**

**قرچەی گوزەی نەفت وە ستێزەم دا**

**هەر تا سەحەر بێ، هەر سۆزام بەسۆز**

**سەحەر سفتە کۆم بابەردەش چوون تۆز**

**هەر کەس وێنەی من ئیقباڵش چەفتەن**

**نەوا چۆن هەی ئاو، نەصیبش نەفتەن )**[34]

شاعیر وریایانە لەگەڵ خەیاڵدا نووساندی هونەری کردووە، لەسەر لۆژیکی هونەری زانیویەتی چۆن خەیاڵ لەمیکانزمی دروستدا، بووروژێنێت لەهەمبەر واقعە دەرەکیان ببێتە دروستکەری وێنە لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا، بێسارانی توانیویەتی لەم رووکردەدا دنیای ئافات و خەیاڵ و واقع پێکەوە گرێ بدات .

---

[34] حەکیم مەلا سالح، دیوانی بیسارانی، ل52-53.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**2-2 دینامیکیەتی شیعریی بێسارانی**

دەشێت بڵێین (نالی، سالم، کوردی) چۆن سێ کوچکەی قوتابخانەی ئەدەبی کوردی بابان، کوردی ناوەڕاست پێك دێنن، ئاوەهاش بێسارانی و سەیدی و مەولەوی، سێ کوچکەی ئەدەبی لقی کلاسیکی قوتابخانەی گۆران پێك دەهێنن،هەر بۆیە ئەم سێ کوچکەیە بە جۆرێك دەبنە خاوەن شێواز و کاریگەری بەسەر رەوتەکەوە دادەنێت، سەرەڕای هەموو ئەوانە بێسارانی دەنگی ناسك و زوڵاڵ و هەست بزوێنەو وشە کە مەیلی عشق و خۆشەیستیە، جگە لەوەش هەناسەی جیاواز بەشیعرەکانیەوە دەبینرێن،(شاعیرانی هەورامی تەنیا فۆرمی مەسنەویان بەکار بردووە، کەپێش فەرز چوار چێوەدار نییە، زیهنی شاعیر نابەستێتەوە بەچەند دێری دیاریکراو، بەڵکو کە لەناخدا هەڵگری جووڵەو دینامیزمی تایبەتی خۆیەتی، مەسنەوی فۆرمێکی رەسەنی ئارییە و عەرەبەکانیش رەچاویان کردووە)[35].

دینامیزمی شیعری هەوارمی ئەوە دەردخات کەتوانا و دەسەڵاتداری لای بێسارانی نیشان دەدەن لەقەڵەمڕەوی شیعردا. چونکە لیریکای گۆرانی ژانرێکی بەر چاوو دیارە، بایەخی هەیە، ڕامانە لە ئەڤین ئەمەش چ وەك کەرەسە و ئامێری هونەری یان وەك ئارایشتی غەزەلەکان هەمیشە هەیە، لیریکای گۆرانی دەربری هەست و ئەدنێشەی خوودی مرۆڤە. بۆ نموونە لەشیعری سۆسەن گوڵێ دەڵێت:

**(سۆسەن گوڵێ دیم، بۆش چوون عەنبەر بی**
**دەهەن شکستەی، بادی سەحەر بی**
**یەقین خۆ نەو خێز خونچەی ساوا بی**
**جەوەش بۆش ماوای خۆتەن ئاوابێ**
**بەڵێ سوب سەحەر پێکابێ لافێ**
**زوڵف لول لەولاو، موشکین کلافێ**
**واتش منیچ بۆم، وێنەی بۆی زوڵفەن**
**وەلێ ئەو چین چین سەرتاپا کوڵفەن**
**غەز بای شەماڵ، جە ڕووی زوڵف دەستە**
**چەنەش مژنەوۆ چەند لاف بەی جەستە**
**بێ حیساب قارێ نە دڵ مبەرۆ**
**بێ جا دەهانش شکەست مدەرۆ**
**جە پێکای ئەو لاف بێ مەوزو نەوە**
**هێمای دەهانش هابەو خونەوە)[36]**

[35] عادل محمد پوور،پرۆسەی بزاوتووی لیریکای کوردی،گ.زرێبار ،شمارە،54،پایز،1383،ل122.
[36] حەکیم مەلا ساڵح،دیوانی بێسارانی ،ل334-335.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

### 2-2 چەند هۆكارێك بۆ دینامیزمی شیعری هەورامی

1- نزیکایەتی بە سروشتی هەورامان و ڕەنگدانەوەی وەرزەکان و ئەفراندنی تەجرووبەی تاکی .
2- ئیما ژی وێچواندن ،وەك ئاسایترین وێنەی هەست پێکراو بۆ ڕاگەیاندنی هێڵی پەیام نێوان نێرەر.
3- هاوردنی کردار(هەرمان)،وەك توخمێکی میکانیکی بۆ ئەکتیف کردنی ڕەوتی پەیامەکە.
4- پارادۆکس و دژبەری دیاردەکان و خولقاندنی وێنەی ئەکتیف و پڕجووڵە .
5- هارمونی ڕەنگەکان هاوتابا لەگەڵ تەجروبە تاکە هونەرییەکانی ئەفڕاندن)[37]

خونچەی گوڵ سۆسەن لەسەرەتای بەهاردا، تازە دەپشکوێ و بۆنی خۆشی بەهەموو لایەك بڵاوبۆتەوەو سەرخۆش لەم دیمەنە،لاف لێدەدات خۆی بەزوڵفی یار دەشوبهێنێت، بەڵام دەڵێت زوڵفی یار چین چینە، نەسیمی بەهاریش کە لەچینی زوڵف یاردا، خۆی حەشارداوە، ئەم لافە دەبیستێت و لەو شوبهاندنە، زویر و تورە دەبێت، بەڕقەوە دەکێشێت بەدەم خونچەدا و دەمی خوێناوی دەبێت، بەشێوەی مەجاز، گوڵ دەپشکوێت ئەمەش بەشێکە لە دینامیکیەت لەشیعری هەورامیدا، بەتایبەتی لای بێسارانی .

### 4-2 کارتێکردنی بێسارانی لەسەر مەولەوی

مەولەوی یەکێکە لەوشاعیرە ڕۆمانتیکیانەی ئەدەبەکەمان کە گەورەترین پێوەندی بەشەپۆلی شیعری سەردەمەکەیەوە هەبووە ،هەروەها لەدیوانەکەیدا دەردەکەوێت کە ئاگای لەهەندێك شیعری شاعیرانی پێش خۆی هەبووە، وەکو (مەولانا خالیدی نەقشبەندی، وەلی دێوانە، بێسارانی ).

#### حەکیم مەلا ساڵح

(پێم وایە لەهەموو شاعیرێ زیاتر ڕەنگی لەسەر مەولەوی دارشتووە بەمەش پلەی بەرزی بێسارانیمان بۆ دەردەکەوێت و وابزانم زیادەڕەوی نەکردووە کە پێی ووتوە،(سەودایی کامڵ) واتە دڵدارێکی ڕاستەقینەو تەواو وشەی کامڵ لە زاراوەی عیرفاندا واتە:رابەر و ڕێنیشاندەرێك کە پلەی خوداپەرستنی هێندە بەرز و بڵندبێ.هەموو بەزم و ڕەزمێکی دنیا ئەخاتە لاوە و لە (حەق) نزیك ئەبێتەوە )[38] .

لەکاتێکدا بێسارانی بەشێخی کامڵ ناودەبات تەنانەت ڕۆحی بێسارانی لەناو شیعرەکانی مەولەویدایە، تەواوی ئامادەیی هەیە بۆیە مەولەوی لەگەڵ ئەوەدا کە بێسارانی لەناو ئەو جوغزە دا ئەبینێت و بەو پایە بەرزەی ئەزانێت، بەیتێکیشی لەشیعرەکانی هێناوە و قەسیدەیەکی خۆی پێ قوفڵ کردووە ودەڵێت:

**های ڕەحمەت ئەو قەبر سەودایی کامڵ**

**سەر مەشەق مەینەت(بێسارانی) مەنزڵ**

**یانە وێرانی هەر وەمن ئامان**

**مەتاو گێرتەی کە سێوتەر دامان).** [39]

---

[37] گ.زریبار ،ژمارە/54،ل123.
[38] حەکیم مەلا ساڵح،دیوانی بێسارانی،ل21
[39] هەرئەو سەرچاوەیە،ل21.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لە شیعرێکی تردا سکاڵا لەدەست دەردی پیری دەکات، لەباخەکەی بێسارانیدا سێ دانە گوڵی بۆن خۆشی هێناوە و داویەتی لەبەرۆکی بووکی شیعرەکەی. بەر لەوەی دەست بەرێت بۆ گوڵەکان، دەڵێت:

**موطریب بۆ وە داد دڵگیریمەوە**

**پیری ها ئاما وە پیریمەوە**

**نەوات وێرانەی دڵ کەرۆ ئاوا**

**چەنی بەستەی فەرد بێساران ماوا** (40)

لێرەدا مەولەوی بەو پەڕی دڵ لێچوونەوە ئاوازی شیعرەکانی لەگەڵ دەنگی ئەو موتریبە هاوتا دەکات کە مەگەر هەر خۆی بزانێت چەند حەزی لەدەنگی کردووە،پاشان ئەم سێ بەیتەی هێناوە ودەڵێت:

**ئینە گرد جەوەخت نادانیم بیەن**

**فەصڵی سەرمەستی و جەوانیم بیەن**

**ئیسە ها جەگشت پەشیماینم بەرد**

**وادەی پیریمەن جەوانیم ویەرد**

**کۆچ دواییمەن، پاوانم نۆبە**

**نۆبەی تۆ بەمەن، کەرەم دارتۆبە )**(41)

بێسارانی هۆکاری دروستکردنی ژینگەی شیعری بووە،واتا شیعرەکانی بێسارانی بەسەردەمی خەڵکانی ناوچەکەوە بووە مامۆستا عەبدولکەریمی مودەریس لەپێشەکی دیوانی مەولەویدا دەڵێت:

(مەولەوی جارێکیان ڕێی دەکەوێتە ناوچەی پایگەلان و دەوروبەری، نوسخەیەکی داستانی شیرین و فەرهادی لەیەکێك لەتاقەکانی مزگەوتێکدا بینیوە، و خوێندوویەتیەوە و ووتویەتی شەرمم هاتووە لە شیعرەکانی خۆم)(42).

بێسارانی ڕۆڵێکی گرنگی لە دروستکردنی ئەم ژینگەیەدا گێراوە و باگراوەندە شیعری و زمانەوانییە، دەشێت بووترێت بێسارانی دامەزرێنەری قوتابخانەی شیعری هەورامیە و کە دواتر کەسانی هەورامی زمان وگۆرانەکان شیعریان پێگوتووە، واتا شاعیرەکانی دوای بیسارانی نەیان توانیووە خۆیان لە کاریگەری بێسارانی ڕزگار بکەن .

(مەولەوی دەچێت بۆ کەرکوك و سەرێك دەدات لە تەکیەی تاڵەبانییەکان شێخ عبدوالرحمان لەو کاتەدا لەوێ دەبێت و بێدارە، بەبێ ئەوەی خۆی بیەوێ ئەم شیعرەی بێسارانی دەڵێت:

**شەوان خەڵوەتەن ماڵ بێ ئەغیارەن**

**عالەم گرد وتەن دۆست خەبەر دارەن)** (43)

---

(40) حەکیم مەلا سالح،دیوانی بێسارانی، ل22.
(41) هەرئەوسەچاوەیە،ل22.
(42) تەحسین حەمە غەریب- ئەدەب وەك رزگار کەر ،بەرگی یەکەم بێسارانی،چاپی یەکەم ،کتێبخانەی گەشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە،سلێمانی ،2019،ل25.
(43) تەحسین حەمە غەریب- ئەدەب وەك رزگار کەر،ل26.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ص:1-28
**المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية**
المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە بێسارانی کاریگەری گەورەی لەسەر مەولەوی و شاعیرەکانی تر هەبووە، گەورەیی بێسارانی تەنیا لەخۆیدا نیە، بەڵکو لەو ڕووەگەیەدا، کە دروستیکردووە بۆ شاعیرەکانی دوای خۆی. بۆیە دەشێت بڵێن لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا لوتکە لەبێسارانیدا دەرکەوتووە، دواتر هاتۆتە خوارەوە و بۆ مەولەوی و شاعیرەکانی تر .

**5-2 ڕەنگدانەوەی ریتم لەشیعردا**

ئەمانە ئەو چەند بەڵگەیە بوون کە جێ پەنجەی بێسارانی لەسەر مەولەوی دیاری دەکەن، ئەمەش تواناو دەسەڵاتدارێتی بێسارانی نیشان ئەدەن لەقەڵەمڕەوی شیعردا.

ریتم تایبەتمەندی بنەڕەتی و دانەبڕاوی هەموو ژانرە ئەدەبیەکانی ئەدەب و هونەر بەتێکڕا دیاردەیەکی زیندووی جیهانی سروشتی و گەردوونیە ڕیتمی دەنگ و ڕیتمی عەشق و دادپەروەری ....تاد .

(ریتم بە چەمکە مۆدێرنەکەی وەك گریمانە لە تیۆریزە کردن و پراکتیزە کردندا، بریتییە لەو فەزایەی پێوەندییە پێکەوە گونجاوەکان لەدەقی شیعریدا، لەخۆ دەگرێت، جا ئیتر سەر بەپێکهاتەی دەرەکی بێت یان ناوەکی، بیستراو و بێت یان بینراو، هەست پێکراو وبێت یان زەینی، ریتم لەشیعرو مۆزیکدا، پێوەندی بە دیالێکتکیان هەیە، گرێدەری ئەم دووانە ریتمی سروشتی و ریتمی ویژدانی و هەستیاری مرۆڤە)[44] .

لەم ریتمەدا شیعر پێویستی بەچوارچێوەی عەرووزی نیە، بەڵکو ئەمە شەپۆلە مۆسیقای دەنگە کە جیاوازی برگەی کورت و درێژ دەشارێتەوە بەرتەسکی بۆ ئەفراندن شیعر دروست ناکات، ئەم تایبەتمەندیە دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندی مۆسیقای زمانی هەورامی کە لە دەروون یان لەخۆیدا بەشێوەی فرەزەبەند کەڵك وەرگرێت و پێویستی بە فەرزکردن عەرووزی عەرەبی نەبێت .

لێرەوە ئاماژە بە دووچامەی شیعری بێسارانی مەولەوی دەکەین،دوو فاکتی هەستپێکراو بۆ نەغمەو تەقینەوەی دەنگ و ریتمی ناوەکی بیستراو .

بێسارانی دەڵێت :

**چراغم بەچین**

**ئەرچینی زوڵفت بدەو بە ماچین**

**ئەر یەکتای زوڵفت بدە و بەگرد چین**

**کافر بۆ ئازیز بەر پشو جەدین**

**ئەگەر قەوسی ئەبرۆت بدەو بەحیجاز**

**ئەر موژەی دیدەت بدە و بەشیراز**

**ئەر بەینت بدە و بەخەتا و خوتەن**

**ئەو ڕیزەی ڕازت بدەو بەئەرمەن**

**ئەر لەبی لاڵت بدەو بەکشمیر**

**ئەر بدەو بەهیند سیلسیلەی زنجیر**

**ئەرسیبی زەنەخ گوڵ خونچەی دەهان**

(44) محمد الفتوحي أحمد، ظاهرة والايقاع في الخطاب الشعري ، مقال منشور على الموقع الايلاف "2018،ص160..


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**بدەوش بەیەکسەر تەمامی جیهان**

**ئەو پاوو پوزت بدەو بەگەنجە**

**ئەر بدەو بە میصر ئەو دەست و پەنجە**

**ئەو بەژنی باڵات بدەو بەئیران**

**سەد هەزار کەڕەت یانەم بۆ وێران** [45]

(تەختە نیگارەکەی مەولەوی (شایی نەبینراو ).ئەحمەد بەگی کۆماسی شاعیری هاوچەرخی مەولەوی قەسیدەیەکی بۆ مەولەوی نووسیوە باسی شایی تیاکردووە. ئاخی هەڵکێشاوە کە گوایی مەولەوی لەو شاییەدا بەشدار نییە).[46]

سەرەڕای خوڵقاندنی ئۆرکێسترای مۆسیقایی وێناکردنی دەنگ و ڕەنگ پێکەوە، ئاوریشمی لە دەروون و هەستی خۆی داوەتەوە ، کە شاکارێکی فۆرمالیستی شیعری کلاسیکی کوردییە، دەنگ و نەغمەی ژانرەکان و ئامێرە مۆسیقاییەکان بێ ئەوەی مەولەوی ئەو شاییەی بینی بێت پێکەوە تێکەڵاون.

مەولەوی لەم قەسیدەدا وەڵام دەداتەوە و دەڵێت:

**نامەی نەفتینت یەك ڕۆ باد ئاوەرد**

**كڵپەی بڵێسەی کوورەم زیاد کەرد**

**دەڵاڵەت جۆشۆ چون ڕۆی ئازادی**

**گەرمەی گەرم نەرم بەزم پڕ شادی**

**صەدای (لاوهەی لاو) زڕەی زەڕ زنجیر**

**سڵسڵەو بانی سەر بەندزڕێ و لاگیر**

**زیلەی گوارەو زرنگەی زەنگڵەی زەڕ**

**لەرزەی نەو نەمام، لەرەی لیمۆی تەڕ**

**شەق و زەرق و بەرق زەڕکڵاو**

**ورشەو پرشەی خووی کوڵم بۆ گوڵاو**

**شەقە وتەقەی گەرم، چەپڵەو چیڵەی نەرم**

**چریکەی وەناز، تریکەی وە شەرم**

**سەمای دەسماڵان، ڕەمای نەو هاڵان**

**نەمای مەلالان، نمای وەش حاڵان**

**چفەی گەردەن کەچ، مەرگ من چێش وا چ**

---

(45) حەکیم مەلا ساڵح، دیوانی بێسارانی ،ل171.

(46) گ.زرێبار،ژمارە،54،ل120.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**خاین وەخەفەت،نەزان جگەر پاچ**

**لارەی قەتارەی لاو شەدە لاران**

**ئیشارەی کەم کەم پەنجە وشاران )**[47]

دەبینین لەم دوو چامە لیریکایەدا، سەرەڕایی پاراستنی ریتمی ئاسۆی و شەپۆلی هێشوە دەنگ و داپۆشین مۆسیقای دێرەکان، شاعیران بە پێچەوانەی غەزەلی کوردی ناوەراست و تەنانەت فارسی کە بەیت سەربەخۆیە، واتە لە تەوەرەی ئەستوونی (بونیاتی ریتمی ئەستوونی)دا ، یەکێتی بابەت و گرێدانی بەشەکان، لەدەنگ سازییەوە تا وشەسازی تا پێکهاتەی شیعرەکە دەبینرێت، لەم پێکهاتە شیعرییەدا یەك قەسیدە یەك بۆیەك بابەت، تەرخان دەکرێت ئەم خاڵە وەك پرەنسیپی سەرەکی لەشیعری شاعیرانی زاراوەی کوردی ناوەڕاست و فارسی زەمانەکاندا نابینرێت .

پیرەمێردی شاعیر هەنگاوی دەست پێشخەری بۆ ناساندن و پاراستنی بەرهەمی بێسارانی ناوە، ئەم شیعرە بەرزەی لەو شیعرە سادە و بێ گرێ و ڕەوانەیە کە لەگەڵ سروشت و ئارەزوویدا گونجاوە و هەست وهۆشی خۆی بە کوردیەکی پەتی ڕەوان، سۆز و ئاهەنگێکی کوردەواریمان پێشکەش دەکات و زیرەکانە هەشت بەیتی ئەم شیعرەی وەرگێراوەتە سەر زاری کوردی ناوەڕاست بەم شێوەیە دەڵێت:

**گیانە وەنەوشە، چنوور لەگەڵ گوڵ**

**سەودای دیدەنی تۆیان کەوتە دڵ**

**چنوور لەکێوان وەنەوشە لە چەم**

**گوڵ لە گوڵستان، یەکیان گرت سەرجەم**

**ووتیان پێم وەرە تۆ ڕابەرمان بە**

**ئەمەمان بۆ بکە و تاجی سەرمان بە**

**ئەوا هەرسێکم بەستن بەدەستە**

**هاتنە خزمەتت بەدەستی بەستە**

**هەریەك بەڕەنگێ مەرامی پێتە**

**بۆ نیازی خۆی خاکی بەرپێتە**

**چنوور بۆ زوڵفت لولوو پەشێوە**

**وەنەوشە ملکەچ خاڵی لای لێوە**

**گوڵ کە نازکی ناوی تۆی دیوە**

**چقڵی خۆی لەژێر پێی هەڵچەقیوە**

**تۆ پایە بەرزی شای شیرین ئەندام**

**با لەسایەتا بگەن بەمەرام)** [48]

[47] مەلا عەبدالکریمی مدریس، دیوانی مەولەوی، سنندج-انتشاراتی کردستان، 1378،ل 411- 414.
[48] محمد رسول(هاوار) پیرەمێردی نەمر، چاپخانەی (العانی) بغداد،1970،ل158،157.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:1-28

لەچوارچێوەی ئەندێشەی هونەری بێسارانیدا، گیان مەبەست مەعشوقە نیازە کاریگەری بەرچاوی هەیە تاڕادەیەك ئەو ڕەگەزە بۆ بەرجەستەیی شێوازی ئەم شاعیرە، ئەم دیاردەیە شێوازییە، بەداهێنانی وێنەی جۆراوجۆر و خوڵقاندنی فەزایەکی فرە ڕەهەندە ئەمەش بۆتە خورپە بەخشیی و داهێنان لەپرۆسەی شیعریدا لای بێسارانی .

فایەق بێکەس یەکێکە لەو شاعیرانەی کە شەپۆلی کارتێکردنی شیعری بێسارانی ڕەنگی لەسەر دارشتووە، جگەلەوەش نەریتی ژیان بەرەو پێشبردوویەتی و لەپلەی شارستانیەتی ئەمڕۆی سۆزیشدا هاوبەشە کە بەشاعیری ئازادیخواز و بۆنی هەڵاڵەی ڕێبازی ئەدەبی قوتابخانەی گۆرانی کردووە، بەتایبەتی لە شیعری ڕۆمانسیدا، هەر بۆیە بێسارانی لەناو ئەو ڕووگەیەدا دەبینێت، بەو پایە بەرزەی دەزانێت ، بۆ نموونە:

**چێش مەبۆ دیدەم جەساڵێ جارێ**

**باوەریم وەیاد وە یادگارێ**

**تاتایێ جەتای زوڵفی موشکینت**

**یادانەی جەخاڵ دەوری چەمینیت**

**ئازیز ئەر بۆ مەیل ئاخر مەبۆ چێش**

**بگیانی پەرێم پەی ساکنی ی ئێش**

**وەرنە ها مەردم سپی سەوڵ قامەت**

**داوای من و تۆ کەفت ئەو قیامەت** [49]

**فایەق بێکەس لەسەر ئەم شێوە دارشتنە دەڵێت:**

**( دڵێ تەڕنەبێ... دڵێ تەڕنەبێ**

**دڵێ لە خۆیا دائیم تەڕنەبێ**

**سەرخۆشی بادەی ڕووی دڵبەر نەبێ**

**مەفتونی باڵای قەد عەرعەر نەبێ**

**بەجامی شەراب کەیل و مەستی کەی**

**خوایە ئەو دڵە دائیم پەستی کەی**

**دڵێ هێلانەی عەشقی یار نەبێ**

**بەتیری نازی بریندار نەبێ**

**کوشتەی دوو دیدەی پڕ خومار نەبێ**

**بەجامی شەراب نەشئەی پێ بدەی**

**خوایە ئەو دڵە دائیم پەستی کەی**

[49] حەکیم مەلا صاڵح، دیوانی بێسارانی ،ل398.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**دڵێ کە کانگای مەعریفەت نەبێ**

**سەرچاوەی عەشق و مەحەببەت نەبێ**

**ڕەهبەری ڕێگەی حەقیقەت نەبێ**

**بەجامی شەراب جلیوەی دەربخەی**

**خوایە ئەو دڵە دائیم پەستی کەی**

**دڵێ دووچاری خەفەت نەبوو بێ**

**بەشمشێری عەشق لەت لەت نەبووبێ**

**پەروەردەی دەرد و میحنەت نەبوو بێ**

**ئاواتی نەبێ غەیرەز مەی و نەی**

**خوایە ئەو دڵە دائیم پەستی کەی** (50)

فایەق بێکەس درێژەی بە ئەوینی سوتێنەر داو هەمان شەپۆلی دەربارەی هەڵچوونی بێسارانی دووبارە کردەوە و دوای هەزاران ئەشکەنجەو ناسۆر و تاڵاوی مەرگ،کپ و بێ دەنگ، پەروانە ئاسا بەدەوری ئەوینی هێدی هێدی جەستەی تواپەوە و یادی پڕ لەکڵێسەی نەمری مایەوە ڕوخساری پڕ لە گزنگی گرتەوە بەچەشنێ سەرچاوەی تەقیوی سەردەمی ئاسایی خۆیا جۆشی گیان و دەروونی ئاواتە خوازە لەگەڵ خۆشەویستیدا بتوێتەوە .

## 5-2 ئەدەبیاتی عیرفانی کوردی

(عیرفانی زانستێکە و تایبەتە بە مرۆڤ و لەئاوەز و دڵیەوە سەرچاوە دەگرێت)(51).

عیرفان باوەڕ بوونە بە دۆزینەوەی ڕاز و نهێنی دنیا، ساباتی ڕامان و پرۆسەی بیرکردنەوەیەکی قووڵ و تێهەڵچوونی ڕۆحە، ناسین و دووبارە ناسینەوەیە ونکردنی خودو دۆزینەوەیە لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر،عیرفان هەڵوێستە کردنە، بڵند بوونەوی ڕۆحە ، سەربەرزکردنەویە بۆ ئاسمان و حولوولە لەگەڵ خوای تاکانەدا .

بێسارانی هاوشانی مەلای جەزیری توانیوویانە ئەدەبیاتی عیرفانی کوردی بگەیەنێتە پێگەیەکی بڵند، ویستویانە ئەو دیوە عیرفانیە قووڵەی کە لەزمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکیدا هەیە لە کوردیشدا بەدەری بخەن، هەڵبەتە هەریەکەیان بەشێوە زارێکی جیاواز بۆ نموونە مەلای جزیری بەشێوە زاری کوردی ژوورو وبێسارانیش ئەم کارەی کردووە لەشێوە زاری هەورامیدا، واتا ئەدەبیاتی عیرفانی کوردی بەتایبەت شوێن دەستی بێسارانی بەتەواوی پێوە دیارە، واتا خۆیان سەرقاڵکردووە بەشێوە زارێکەوە کە لەو کاتەدا جێگەی گرنگی پێدانی خوێندەوارەکان نەبووە.

بەڵام یەکەم کەس کەدیوانی شیعری نووسی بریتی بوو لەبێسارانی هەر لەم بوارەدا گەیشتە لوتکە کە ماڵی خۆی (بێسارانی و مەلای جزیری شەپۆلی یەکەمی عیرفانی کوردیین، واتا بەسەدەیەك زیاتر پێش مەولانا خالیدی نەقشبەندی)ن، شەپۆلی دووەمی عیرفانی کوردی لەمەولانا خالیدەوە دەست پێ دەکات و لەقوتابیەکانیدا و موریدی و شاعیر و خوێندەوارە گەورەکانی کورد دا دەگاتە لوتکە. کورد لەسەدەی نۆزەهەمدا بەشارستانیەتی خۆی دەگات، بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێن مەلای جزیری و بێسارانی هەردووکیان عاریف بوون، توانیویانە بگەنە قۆناغە پێشکەوتووەکانی عیرفان ).(52)

(50) محمدی مەلا کەریم، دیوانی فایەق بێ کەس، چاپی دووەم، چاپخانەی (الادیب) بغداد،1980، ل132 ، 133.
(51) حوسین سەیید ئەدهەم،کوفری شیرین، دەربارەی تەسەوف و عیرفان،چ1،چ،گەنج،سلێمانی،2018،ل17.
(52) تەحسین حمە غریب، ئەدەب وەك ڕزگار کەر،بێسارانی،ل9-10.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

دەشێت بڵێین شاعیرانی وەك عەلی حەریری،فەقێ تەیران، مەلای جزیری، بێسارانی، سەرەتاکانی دەست پێکردنی ئەدبیاتی کوردیین، پێگومان ئەم دەست پێکردنە وەك شیعرو شیعری تەواونا، بەڵکو لەچوارچێوەی دیواندا ئەم شاعیرانە سەرەتاکانی دیوانی کوردین، بێسارانی لە دیوانەکەیدا مەعشوقی بە (چراغ) ناوبردووە، ئەم ناونانەی مەعشوقی خۆی بە چراغ دەگەڕێتەوە بۆ توانای بێسارانی لە رازاندنەوەدا، ئەو مۆسیقایەی وشەی چراغ دروستی دەکات لەشیعرەکەدا زۆرتر بەهێزتر و فراوانتر و ناسکترە، لەگەڵ ئەوەی ڕازاندنەوەی زۆر کردووە لەشیعرەکانیدا.

بێسارانی رووبەروو بوونەوەی لەگەڵ ئەبەدییەدا وایکردووە، بەردەوام ترسێك هەبێت لە دەرونیدا، ئەمەش وایکردووە کاتێك باس لەمەعشوقیش دەکات ودەڵێت:

(وەرە بەلای گۆڕەکەمدا وتێپەڕەو ڕاییگەیەنە لای خەڵك کە ئەم کەسەی لەم گۆڕە دایە من ئازارمداوە و وامکردووە بە ئازارەوە بمرێت )[53].

دیوی تراژیدی ژیان ئامادەییەکی تەواوی هەیە لای بێسارانی مرۆڤێکی شادە لەقوولای بوونی خۆیدا تەواو شادە، بەڵام ڕواڵەتێکی غەمباری هەیە، لەعیرفاندا هەرکەس نەیتوانیبێت بگات بەپلەی شادی ئەوا عاریف نەبووە، ئەو پلەی کە مرۆڤ تیایدا خۆی قبوڵە ئەو کاتەی مرۆڤ خۆی قبوڵە کە بەتەواوی لەخۆی ڕازی بێت .

جگە لەوەش بێسارانی کە لەخۆی رازییە، بەڵام غەمناك دەردەکەوێت، چونکە بوون و ئەبەدییەت بەگەروەیی دەبینێت و بچووکی خویشی هەستپێکردووە دەرهەق بە ئەبەدییەت، بێسارانی گەشتووەتە پلەیەك کە خۆی ناسیوە و لەخۆشی تێدەگات، بەڵام بەدیوێکی تری تراژیدی

دەڵێت:

**خەمناکم خەمناك ......................**

**چە چەوری گەردوون، خەمناکم خەمناك**

**هەر یەندە کەردم جامەی تەن چاك چاك**

**پەی دووری یاران، خاك وەسەرم خاك**

**مەنیشو وە عەرش، دودی ئاهی سەرد**

**وەختەن هەناسەم سەنگ کەرۆ وە گەرد**

**مەگەر خوداوەند کەرەم بکەرۆ**

**نەفرەتەی یاران وەهەم باوەڕۆ**

**وەرنە چە دەروون پڕ دەردی زامەت**

**ئایر دارانەن تا ڕۆی قیامەت).** [54]

خەمناکبوونی بەستەمی گەردوون، واتا دیووی تراژیدی بوون، ئازار و دەرد و مەینەتەکانی بوون، ئەمەش وایکردووە بەردەوام خەمناك بێت، بۆیە سەرچاوەی ئەم ڕوانینەی بۆ بوون و هەستکردن بەفراوانی ئەبەدییەت و لەقورئان و شوێنکەوتنی پێغەمبەرەوە وەرگرتووە واتا عیرفانێکی ئیسلامیێ رەسەنی پیادە کردووە .

---

[53] هەرئەوسەرچاوەیە،ل17

[54] حەکیم مەلا ساڵح، دیوانی بێسارانی،ل239، 240 .

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

یەكێك لەو چەمكانەی كە زۆرترین باسی لای بێسارانی هەیە و بەشێكی زۆری پانتایی ئەدەبیاتی بۆ تەرخانكردووە ،بریتیە لە چەمكی (غەریبی)كە سەرچاوەی ئەم غەریبیەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو غوربەتە قوڵە و وجوودییەی كە مرۆڤ لەسەر زەوی تێی كەوتووە .

وەك دەڵێت:

**چراغ نەدڵەن .......................**

**هەركەس غەریبەن هەرداخ نەدڵەن**

**دڵەی غەریبان چوون پەڕەی گوڵەن**

**گوڵ خار تێش نیشۆ خەیلێ موشكڵەن**

**گوڵ ئەر بنیشۆش خاڵێ نە ڕوخسار**

**جەزەخمی ئەو خار، ضایف مە بۆ، زار**

**غەریب ئەر پەنەش بوا چان سەردێ**

**هەر سەردێ پەرێش مە بۆ وە دەردی**

**دڵەی غەریبان میشلی گوڵ دارۆ**

**كافر ئەو كەسەن غەریب ئازارۆ**

**موڵكی غەریبیم جەحەد بەر شیەن**

**هەركەس مەكەرۆ غەریب ئەوازی**

**بێ شك خوداوەند لێش مبۆ ڕازی**

**هەركەس مەگێرۆ غەریبان عیزەت**

**پەی وێش مەسازۆ جاێی جە جەنەت**(55)

گەورەی بێسارانی لەوەدایە كەئەندێشەی (عشق)ی وەچەرخاندووە بۆ بابەتێكی ناوەكی ئەم جۆرە لەمامەڵە كردن تایبەتە بەئەدەبیاتی عیرفانی،چونكە عەشق بنەڕەتی عیرفان و هەوێنی پێوەندی نێوان عاریف و عاشق و معشووقە، هەر بۆیە عشق تاكە سەرمایەی عاریفە بۆ گەیشتن بەمەعشوقەكەی هۆیەكە بۆ نەهێشتنی پێوەندی نێوانیان لە برینی ئەم ڕێگەیەدا عاریف چاوی لەمەرام و پاداشت نییە لە مەعشوقەكەی ئەمەش بەروونی لای بێسارانی ئاشكرایە .

**6-2 سەرچاوە و شیعری ئەوین**

شیعری لیریكی بریتییە لەو شیعرەی كە گوزارشتە لەهەست و ئەندێشەی خودی مرۆڤ. لەشیعری لیریكیدا زۆربەی باسی ئەوین و دڵداری و پاڵەوانێكە یان هەست بەدووری و ئەشكەنجەی بە یار نەگەیشتن دەكات، یارن ڕامانە لەسروشتی شیرین و لەجوانیدا وێنەی هەورامان و دیمەنەكانی سرووشت،چ وەك كەرەستەو ئامێری هونەری یان وەك سەرەتاو دامەزراندن و ڕازاندنەوەی غەزەلەكان هەمیشە هەیە، بۆیە ئەگەر سەرنجی سەراپای شیعرەكانی بدەین بۆمان دەردەكەوێت كە بێسارانی بەسرووشت و هونەر و ئەوین كاریگەربوون و شوێنەواری قووڵیان روون و ئاشكرایە، لەبواری ئەو مەبەستەدا شیعری (سای

(55) حەكیم مەلا صالح، دیوانی بێسارانی،ل239- 240.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

سەهەندسەنگ)ی بێسارانی شەیداو دەروون پڕ لەکڵپەو بڵیسەیە هەمیشە یادی بریتییە لەئاواتی دەروونیی، ئاواتە خوازە هەموو بوونی لەهەناسەی پێگەیشتن لەگەڵ سەرچاوەی خۆشەویستیدا بتوێتەوە .

بۆ نموونە :

**(سای سەهەند سەنگ**

**صوبح دەم وەشەن سای سەهەند سەنگ**

**بەڵام بەشەرتێ،ڕەقیبی بەد ڕەنگ**

**نەگنۆنە وەنەت فرسەنگ بە فرسەنگ**

**چەنی دۆس ویت،بنیشی بە شاد**

**و یەردەی ساڵان، باوەری وەیاد**

**گانییاز جەتۆ، گاناز جەدڵبەر**

**تۆ پەی ئەو سۆزان، ئەوجە تۆ بەتەر**

**هەرتاکە عومرت یادۆ بە ئەنجام**

**نەسای ئەو سەنگدا بو یاری بەکام**

**ئیدەن سەرمایەی ئەی دنیای فانی**

**ماباقی پوو چەن هەر چێو مەزانی) (56)**

یەکەم نازداری گیانی کە بەدڵ و دەروونێکی خاوێنەوە هەموو هەست و بیرو هۆشی بەدەوریا گەڕاوە، بەرادەیەکی وا خولیایی هەمیشەیی لێیی بووە و هەموو بوون و نەبوونی هەر نازداری گیانی بووە وەك دەڵێت:

**ناڵەی دەردەدار، بێ ئاخ نمە بۆ**

**دەروونی عاشق، بێ داخ نمە بۆ**

**عاشق تا دەمێ جەفاش نمە بۆ**

**بێ جەفا،هەرگیز صەفاش نمە بۆ**

**گوڵ جە گوڵستان بێ خار نمە بۆ**

**بولبول جە عەشقیش بێزار نمە بۆ**

**هەر کەسێ عەشقش رەفیق نمە بۆ**

**واصل بەطەریق حەقیق نمە بۆ**

**مەحزوونی عاشق،بێ یار نمە بۆ**

(56) حەکیم مەلا صالح، دیوانی بێسارانی،ل328- 329.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**عاشقان بێ یار مودا نمه بۆ**

**تا مەجاز نەبۆ، حەقیق نمەبۆ**

**حەقیق بێ مەجاز، تەحقیق نمه بۆ**

**شێوەی مەجنونی، بێ لەیل نمه بۆ**

**کو کەنی ی فەرهارد، بێ مەیل نمه بۆ**

**هەر کەسێ جه عەشق دڵشاد نمه بۆ**

**دەری فەیز پەرێش گوشاد نمه بۆ )**[57]

لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت سەرەنجامی پڕ لە ناهەمواریدا، بێسارانی هەر لەیەکەم چرکەوە زانیویەتی ڕێگەی ئەوینی ڕاست و بێ گەرد، بێ ئاخ و ناڵە و هاوار نابێت و ئەبێت دڵ و دەروونی شەیدایی کانگای داخی پڕ لەناسۆری بێت، تا شەیداش دژواریی رۆژگار نەچێژێت بەئاکام ناگات، جگە لەوەش لەپێناوی ئەویندا بولبول خۆشیەکی بێ هاوتا ئەچێژێت، بەپەلە پرووزێ تەکان ئەدا بۆ لای،هەر کەسێکیش لەم عەشق و ئەوینە بەدوور بێت،هەرگیز ناگاتە مەبەستی ڕاست و دروست، تا عەشقی مەجازیش نەبێت ئەوینی ڕاستەقینە سەر هەڵنادات و نابێت، لەئەنجامیشدا هەرکەس بە عشقی خۆی شاد نەبێت بەنائومێدی سەر ئەنێتەوە لیریکای گۆرانی بەڕاستی دەبڕی هەست و ئەندێشەی خودی مرۆڤە بۆیە لای شاعیر باخی سەوزی عشق بێسنوورە، لەوێ غەم و شادی بوونی نییە، واتە لەسەر رووی غەم و شادییەوەیە، ئەم تایبەتمەندییانە دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ بگات بەحیکمەت. چونکە هەموو عاشقێك شەیداو پەشێوە، وێنەی مەعشوقی پێوەیە. یان روونە واتە خۆداماڵینە لە هەموو ماسکێك یان عاشق لەگەڵ مەعشوقیدا پەیمانی ئەبەدی هەیە، چونکە پەیمان هەمیشەییە و پاپەند بوونێکی هەمیشەیی لەنێوان ئەو دوو کەسەدا هەیە.

جا ئەو عەشقە بەو جۆرەیە،چ ئاسمانی چ حەقیقی چ مەجازی ئەم تایبەتمەندیە لای بێسارانی بوونی هەیە، بۆ نموونە ئەم غەزەلە لەباسی خۆشەویستی و ئەوین و ئەندێشەی تایبەتی شاعیرە، وەك دەڵێت:

**(چراغ دا جارێ، بۆ وەخاوم دا**

**پابنیەر وەبان هەردوو چاوم دا**

**مەواچە موژەت تیژە تەرەن چەخا**

**پای گوڵ ئەندامم مەدەرۆ ئازار**

**من پەی موژەی خاریە خەیلێ وەختەن**

**بەجارووکاری نەڕای تۆم جەختەن**

**شەوو ڕۆ نەڕات پەرێ ئی سەودا**

**یەك یەك بیەنی شکەستەی مەودا**

**بۆ وەبێ ئەندێش پابنیە لێشان**

**بدیە بینایی هیچ مەندەن تێشان**

**ئەگەر تێشان بۆ غەیر جەهوون فیشەر**

(57) حەکیم مەلا صالح،دیوانی بێسارانی،ل432- 433.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**هیجرانت فێشتەر لێش بدۆ نێشتەر**

**سەحەر مەزانی باڵا زەرستون**

**پات وێنەی هەنار ژیا بۆ بە هوون ).(58)**

بێسارانی بناغەو دەستپێك و یاخود ڕەنگرێژو بەرجەستەکاری مەرجە بنەڕەتییەکانی ژانری لیریکایە لەشیعری گۆرانیدا، وەك ئەوەی لەبابەتی ژانری ئەدەبی لیریکیدا باس دەکرێت، جگەلەوەش کرۆکی شیعری لیریکی تاسەی یارو جۆشدانی دڵە، بەهەردوو چەشنی مەجاز و حەقیقییەوە، بۆیە شاعیر لێوان لێودەبێت لە خەسڵەتی پاك وجوانی رۆمانیسزم لە عەشق و دڵداری و خۆشەویستی و ڕاستگۆییدا، شاعیر چەندە پەشێو وکەیل و ئاڵۆز دەردەکەوێت.

شیعری لیریکی ژانرێکی بەرچاو ودیارە لەشیعری گۆرانییدا. زۆری باسی ئەڤین و دڵداری و هەست بە دووری و ئەشکەنجەی بە یار نەگەیشتن دەکات، یان ڕامانە لە سروشتی شیرین و جوانیدا، سروشت دەربری ئەندێشەو ژانی مرۆڤی سەردەمەکەیەتی، هەربۆیە بێسارانی تابلۆی سروشت بەشێوەیەکی بزواو دینامیکی و هارمۆنی نیگارکێش دەکات، بەدوای پێکەوە گرێدانی دیاردە جیاجیاکانی دەوروبەرو واقیعەکەیدا دەگەڕێت.

یەکێك لە شێوازە هونەرییەکانی شیعری بێسارانی دەربارەی سروشت و دووالیزمی تایبەتی ودەگمەنە، کە خەسڵەتێکی لیریکی سۆفیانەیە، مۆتیڤە بنەڕەتییەکانی بێسارانی زیاتر باسی ئەندێشەو هەستی دەروونی پاڵەوانی لیریکی و هەوڵ و تەقەلای بەیار گەیشتنی هەڵوێستی لەدەوروبەرو جوانی سروشتی کوردستانە.

هەربۆیە مۆتیڤی وەسفی سروشت لە شیعرەکانی بێسارانی دا هەمیشە بناغەیەکی ریالیستیانەی هەیە، جگەلەوەش ڕەنگدانەوەی سروشت و نیگارکێشانی لەبەرهەمی شاعیرەکانی دیالێکتی گۆرانی دا دیاردەیەکەی بەرچاوو دیارە، خامەی بێسارانی بەهەق ئەم دیاردەیەی گەیاندۆتە ئاستێکی هونەری بەرز و لوتکەی داهێنان.

یەکێك لەو ڕواڵەتانەی تر کە زمانی غەزەلەکانی بێسارانیە جیایی دەکاتەوە لە لیریکای عەرەبی و فارسی، ڕوانینی زمانکەو ساکارێتی، بۆیە پەنای نەبردۆتە بەر وشەی زەق و قەبە، بەڵکو شاعیر بەتابلۆی پڕ وێنە بیری غەزەلەکانی دادەڕێژێت و بەکاملی دەریان دەبڕێت.

**ئەنجام**

لەئەنجامی تاوتوێکردنی ئەم توێژینەوەیەدا ئەم ئەنجامانەی خوارەوەمان لەلا گەڵاڵە بوو:

1- غەزەلی لیریکی سیماو تایبەتی لیریزم وەك شێواز و هونەری شیعری بەرچاو سەرنجراکێشە .
2- خەیاڵ و ئەندیشەی ئەدەبی و سەرهەڵدانی ڕێبازی نوێ و شێوازی تر ئەگەر چی ڕۆمانتیك وەك تێمێکی دیاریکراو لەئەدەبی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ زۆر کۆنتر ،لەسەردەمی جیاجیا لەئەدەبی کوردی دەدۆزێتەوە، وەك لەلای مەولەوی و بێسارانی .......تاد.
3- شیعری لیریکی مێژوویەکی دورو درێژی هەیە لە ئەدەبی جیهانی و ئەدەبی کوردیدا، دەشێت بەیەکەم جۆری شیعری دابنرێت کە پێوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەهەست و سۆزی تراژیدی لەلای مرۆڤەوە هەبێت، ئەم هەست و سۆزە تراژیدییە ناوەڕۆکی خۆی هەیە بەپلەی یەکەم لە مەرگ و لەدەست دانی کەسانی خۆشەویست بەهەموو شێوەکانی بەرجەستەی دەکات .
4- کێشەی دەروونی زۆر نزیك لە مرۆڤەوە دەوروژێنێت .
5- شیعری لیریکی بەهێز و ریتمێکی جوان خۆیان پیشان دەدەن .
6- مۆسیقاو گۆرانی لەڕۆژگاری دێرینی وڵاتی کوردەواریدا لە هەستی خواپەرستییەوە، واتە لەدینەوە هەڵقوڵاووە .
7- سەرهەڵدانی بیری نەتەوە خوازی کورد، هەموو ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی کە هەستی لیریك نۆستالژیا، هەروەها هەستی ڕۆمانسی و سۆز ،کە ئێمە لەسەرەتاوە ناوەمان لێ نا(لیریك) لە مۆزیك و گۆرانی کوردیدا سەرهەڵبدەن .
8- دەقی شیعری شێوەی گۆرانی کۆنترین دەقە لە ئەدەبی کوردیدا .

---

(58) حەکیم مەلا صالح، دیوانی بێسارانی، ل123.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

9- شیعری كوردی شێوەی گۆرانی شیعرێكی رەسەنە لە رووی رۆخسارەوە،بەتایبەتی كێشی خۆماڵی (سیلابی)و قافیەی مەسنەوییە، زۆربەی هەرە زۆری كێشی شیعری شێوەی گۆرانی كێشی (دە) کەرتییە .
10- هارمۆنی و دیاردەی ڕەنگ لەڕێژەی روو كردی هونەری بێسارانی وەك شاعرێك خاوەن ئەدگارو ڕێبازە لە شیعری هەوراميدا .
11- دەشێت بەشێوەی ڕێژەیی بڵێین بێسارانی پارێزەی مۆسیقای زمانییە لە شیعری كوردی زاری هەوراميدا .
12- شیعری هەورامی خۆی لەگەڵ كێش ناسی عەرووزدا جیادەكاتەوە دەبێتە (كمپۆزیسیۆنی) شیعریان (ریتم) لە شیعردا، زەمینە بۆ ڕەخساندنی هەستیاری لیریكا ئامادە دەكات .
13- جوانناسی لەشیعرەكانی بێسارانیدا،هەوڵێكە بۆ نیشاندان و دەرخستنی عیرفانی لەشیعرەكانیدا، چونكە عیرفانیش خاوەن جۆرێكە لە دید و تێڕوانینی تایبەت، بۆیە چەمكی جوانی و ڕاڤە و لێكدانەوەو تێگەیشتنێ خۆی هەیە .

## سەرچاوەكان

### یەکەم: سەرچاوە بەزمانی كوردی

1- تەحسین حەمە غەریب- ئەدەب وەك رزگاركەر، بەرگی یەكەم بێسارانی، چاپی یەكەم، كتێبخانەی گەشە بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، سلێمانی ،2019.
2- حەكیم مەلا ساڵح، دیوانی بێسارانی- چاپی یەكەم- چاپخانەی میهن، سنە،1375 .
3- حوسین سەيید ئەدهەم، كوفری شیرین، دەربارەی تەسەوف و عیرفان، چ1، چ، گەنج، سلێمانی، 2018.
4- عبدولرەقیب یووسف، نابلۆكانی شەرفنامە، بڵاوكراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی دووەم ،هەولێر،1998.
5- فەرهاد پیربال، مێژووی گۆرانی و مۆسیقای كوردی، بڵاوكراوەی ئاراس، چاپی یەكەم، هەولێر ،2010.
6- كامل حسن عزیز البصیر، رەخنە سازی مێژووپەیرەوكردن، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كوردی، بەغدا،1982.
7- م.ب- رۆدینكو،و، لەرووسیەوە، ئەنوەر قادر محمد، وتار گەلی ئەدەبی كورد سەدەكانی ناوەڕاست، چاپخانەی تاران، دەزگای ڕۆشنبیری جمال عیرفان ، سلێمانی،2020 .
8- محسین احمد عمر، لێكۆڵینەوە كوردیەكان، بەرگی یەكەم –چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر-2012.
9- محمد رسول(هاوار) پیرەمێردی نەمر،چاپخانەی (العانی) بغداد،1970.
10- محمدی مەلا كەریم، دیوانی فایەق بێ كەس، چاپی دووەم، چاپخانەی (الادیب) بغداد، 1980.
11- مەلا عەبدالكریمی مدریس، دیوانی مەولەوی، سنندج- انتشاراتی كردستان، 1378 .

### دووەم : سەرچاوە بە زمانی عەرەبی

12- ابن الشعار الموصلي، قلائد الجمان(1256م) دار الكتب، موصل ،1992.
13- شهرزاد قاسم حسن، الات الموسیقی التقليدية فی العراق المعاصر، بغداد، 1976.
14- الفارقی، التأريخ الفارقی(1181م)، دار الكتب اللبنانی، بیروت،1974 .
15- القزويني، آثار البلاد. دار الصادر، بیروت، 1960.
16- منیورسكي ڤ، الاكراد احفاد الميديين، ت و تعليق، الدكتور كمال مظهر احمد، مجله المجمع العلمی الكردی، بغداد، العدد، الاول- المجلد الاول 1973.
17- محمد الفتوحی أحمد، ظاهرة والايقاع في الخطاب الشعري، مقال منشور على الموقع الايلاف "2018.

### سێیەم: سەرچاوە بەزمانی فارسی

18- مهدی فروغ، نفوذ علمی و علمی موسیقی ایرانی، انتشارات ادارة لكل نگارش فرهنگ و هنر،تهران ،1354.
19- هاشم رضا، تأريخ مطالعات دينهای ئیرانی، چاپ2، 1371،ش، انتشارات بهجت، تهران.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (5) – العدد (2)، كانون الأول 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**چوارەم: گۆڤارەکان**

20- عادل محمد پور، پرۆسەی بزاوتی لیریکای کوردی، گۆڤاری زرێبار، ژمارە/54، مەریوان، 1383.
21- گۆڤاری ئاینده، ژمارە/53، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،2003.

**پێنجەم : سەرچاوە بەزمانی ئینگلیزی**

22- Daniel couty. Histoire dela literature francais ,ed .Bordas,2004.
23- Dictionnaire des genres et notions litteraire perfacc par frncois Nourissier, ed Albin Michel, paris , 1997>
24- Musique danse monde francois Rene Tranchefort; lesints truments, Ed.seuil .paris;1980.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)